# کتێبی وێنەیی پزیشکی

ئامادەکردنی
صلاح اسعد احمد

# ناوەڕۆک


- پێشەکی ........................................ ٣
- ناوی هەندێك لە ئالەتە پزیشکی یەکان و بەکارهێنانیان ........................ ٤ - ٤٢
- ناوی هەندێك لە ئامێرە پزیشکی یەکان و بەکارهێنانیان ........................ ٤٣-٨٦
- ئەو زانیاریانەی سەر (نایلۆن) داوی دوورینەوە ........................ ٨٧-٨٨
- جۆری داوەکان وە رەنگیان وە کۆدیان ........................ ٨٩
- ئەو داوانەی بۆ پێست بەکار دێن وە ئەوانەی بۆ ناوەوەی لاشە بەکاردێن ........................ ٩٠
- شێوازی گرتنی نیدل هۆلدەر ........................ ٩١
- بەکارهێنانی جۆری داو وە چەند رۆژ پیوستە لە پێست بمێنێتەوە ........................ ٩٢-٩٣
- شێوازەکانی دوورینەوە ........................ ٩٤-٩٥
- شێوازی بە نجکردنی پە نجەی دەست بۆ ئەوەی ئازاری نەبێت لەکاتی دورینەوە ........................ ٩٦-١٠٠
- شێوازی باکسلاب (( گەچکردنی )) دەست ........................ ١٠١-١٠٧
- شێوازی دەرهێنانی جۆرەکانی داو (( خیط )) ........................ ١٠٨-١١٣
- جۆرەکانی تیوبی تاقیگەو بەکارهێنانیان ........................ ١١٤-١١٦
- کورتکراوەی پشکنینەکان ........................ ١١٧-١٢٠
- زانیاری لەسەر پشکنینی CBC ........................ ١٢١
- زانیاری لەسەر هەندێ پشکنینی تاقیگەیی ........................ ١٢٢-١٢٧
- جۆرەکانی (( فلود )) مغەزی و بەکارهێنانیان ........................ ١٢٨-١٣٣
- فێربوونی خوێندنەوەی هێلکاری دل ECG ........................ ١٣٤-١٥٦

# پێشەکی

زۆر بە پیوستم زانی کە کتێبێك لەسەر ئەو ئالەت و ئامێرە زۆر گرنگانەی ناو نەخۆشخانە بنوسم بەهۆی کەمی سەرچاوە کوردییەکان و ببێتە هۆکارێك بۆ زیاتر ئاشنابوون بەو ئالەت و ئامێرانە ، ئەووەی کە من بۆ یەکەم جار بیرم کردەوە کە کتێبەکە بنوسم سەرەتا مەبەستم ئەوە بوو تەرکز بخەمە سەر ناوی ئالەت و ئامێرەکان ، بەلام دوواتر بەهۆی گرنگی کتێبەکە هەولمدا هەندی زانیاری تریشی بۆ زیاد بکەم ، بۆ ئەوەی خزمەتێکی بچووك بە نێرسەکان بگەینم بە تاییەت تر بۆ ئەوانەی زانیاری کەمیان هەیە لە سەر ناوی ئالەت و ئامێرە پزیشکی یەکان ، بێگومانیش ئەویش بەهۆی بەکارنەهێنانی ناوە کانیانە کە بە زمانی ئینگلیزی یە .

وە زۆر گرنگە ئەو نێرسانەی کە لەناو نەخۆشخانەکان کار دەکەن ناوی ئامێر و ئالەتەکان بە زمانی ئینگلیزی بزانن

زۆر سوپاسی یەکە بە یەکەی هەموو کەسێك دەکەم کە ئەگەر بە بیرۆکەیەکی بچوکیش بێت یارمەتی دابم وە لە کۆتایی دا بۆ هەر هەلەیەك جا چ هەلەی چاپ بێت یان هەر هەلەیەکی تر بێت داوای لێبوردنتان لێ دەکەم و هەروەکو هیچ شتێکیش بێ کەم و کوڕی نی یە .

لەگەل ریزی براتان

صلاح اسعد احمد گەردی

.

## ناوی هەندێك لە ئالەتە  پزیشكی یەكان و بەكارهێنانیان


### tissue forceps

بەکاردێت بۆ گرتنی شانەکان  وە  خاوێنکردنەوەی برین .



### Toothed tissue forceps

بەکاردێت بۆ گرتنی شانەکان لەکاتی قە پانکردنی برین .



## Vaginal speculum

بەکاردێت بۆ فراوانکردنی دیواری پشتەوەی زێ .



## Skin stapler

جۆرە کابیسەیەکی پزیشکی یە بەکاردێت بۆ قە پاتکردنی شوێنی نەشتەرگەری (( پێست )) .



## Skin staple remover

بەکاردێت بۆ لێکردنەوەی قرتەکانی کابیسەی پێست .



## Knife handle

دەسکی شەفرەیە کە شەفرەی لەسەردادەنرێت بۆ برینی پێست .



## Kidney tray


بەکاردێت بۆ لەناودانانی ئالەتە خاوێنەکان (( تەعقیم ))ە کان .



## Towel clips

بەکاردێت بۆ بەیەکەوەبەستانی چەند خاولی (( چەرچەف ))ی پزیشکی بەیەکەوە .








## Curved mayo scissor

بەکاردێت بۆ برینی شانە قورسەکانی وەکو ماسولکە و مندالدان .



## Bandage scissor

بەکاردێت بۆ برینی باندج لەفاف دەستەوانە بەلام شانەکانی پێ نابڕدرێت .



## Needle holder

بەکاردێت بۆ گرتنی نیدل کاتێك برین دەدوورێتەوە .



## Electrosurgical pencil ((cautery pencils ))

بەکاردێت بۆ بڕینی شانەکان وە سوتاندنی خوێنبەربوونە بچووکەکان تاکو خوێنەکە بوەستێندرێت .



## Straight mayo scissor

بەکاردێت بۆ بڕینی داوی (( خیط )) ی دوورینەوە وە هەروەها بۆ بڕینی سۆندەی پزیشکی باریك .



## Vulsellum

بەکاردێت بۆ گرتنی کونی زێ .



## Uterine Sound

بەکاردێت بۆ وەرگرتنی درێژی مندالدان .



## Uterine curette

بەکاردێت  بۆ ڕەنینی دیواری ناوەوەی بۆشایی مندالدان بۆ وەرگرتنی  نمونە بۆ پشکنین .



## Umbilical cord scissor

بەکاردێت بۆ بڕینی پەتی ناوك کاتێك مندال لەدایك دەبێت .




## Trocar and cannula

بەکاردێت لە نەشتەرگەری هەناو بینین (( لا پرۆسکۆپی )) .






## Sponge holder

بەکاردێت بۆ گرتنی گۆز بۆ خاوێنکردنەوە (( تعقیم )) کردنی ئەو شوێنەی کە نەشتەرگەری بۆ دەکرێت .



## Hegar Dilator

بەکاردێت بۆ فراوانکردنی کونی زێ .



**Armytage** (( Green armytage ))

**بەکاردێت بۆ ڕاگرتنی خوێن وە گرتنی ئەو شوێنەی کە خوێنی لێ دێت .**





**Episiotomy scissor**

**بەکاردێت بۆ بڕینی دەمی زێ بۆ پاراستنی لە داتلێشاندن لەکاتی مندال بوون .**



## Deaver Retractor

بەکاردێت بۆ راکێشانی شوێنە قولەکان .



## Doyen retractor

بەکاردێت بۆ ڕاکێشانی میزلدان لە نەشتەرگەری هێنانە دەرەوەی هەموو بەشەکانی مندالدان هەروەها لە نەستەرگەری مندال بوون بەکاردێ .



**Babcock**

بەکاردێت بۆ گرتنی کەنالی فالووب لە ئافرەتان وە گرتنی ریخۆلە کوێرە .



**Cusco's speculum**

بەکاردێت بۆ فراوانکردنی کونی زێ بۆ .



**Artery**

بەکاردێت بۆ گرتنی شانەکان .



**Mosquito**

مۆسکیتۆ لە ئارتری بچوکترە بەکاردێت بۆ گرتنی خوێن بەربوونە زۆر بچوکەکان هەروەها بۆ گرتنی شانەکان کە برین قوڵ نەبێت .



## Kocher

بەکاردێت بۆ گرتنی شانە گەورەکان وە دوورکەوتنەوە لە خزان (( خزین )) .



## Allis Tissue forceps

بەکاردێت بۆ گرتنی پێکهاتە جیڕەکان وەکو بەرگی ماسولکە و پێست ....



## Intestinal forceps

بەکاردێت بۆ گرتنی ریخۆڵەکان .



## Cheatle forceps

بەکاردێت بۆ هێنانە دەرەوەی (( ئالەت ))ە خاوێنەکان (( تەعقیم )) ەکان لەناو جیهازی ئۆتۆکلێڤ وە دانانیان لەناو شوێنێکی خاوێن (( تەعقیم )) .





**Proctoscope**

**دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە سەیری بۆشایی (( کۆم )) هەروەها بەشی خوارەوەی ریخۆڵە ئەستورە بکرێ .**






**Sponge bowl**

**دەتوانرێ (( نۆرمال سەلاین یاخود یۆد )) ی تێ بکرێ بەگوێرەی پێیوستی .**



## Straight and Curved artery

بەکاردێت بۆ خوێن بەربوونە بچوکەکان وە گرتنی شانەکان وە گرتن شانە لەکاتی دوورینەوە .



Straight Artery

Curved Artery

## Knife handle

دەسکی شەفرە (( کە شەفرەی لەسەردادەنرێ بۆ بڕینی پێست )) لەکاتی نەشتەرگەری .




## Blade

شەفرە بەکاردێت بۆ بڕینی پێست یاخود بۆ بڕینی تەقەلی دوورینەوە .




## Self retractor

بەکاردێت بۆ ڕاکێشانی برینە ناقولەکان (( قول نەبێ )) .



## Nasal speculum

بەکاردێت بۆ فراوانکردنی کونە لووت بۆ ئەوەی بە ئاسانی ناو لووت ببینرێ .



## Tongue depressor

بەهۆیەوە فشار دەخرێتە سەر زمان تاکو رێگە نەگرێت لە بینینی گەروو .





## Laryngeal mirror

یارمەتی دەرە بۆ بینینی دەرچەی لارینجۆ .




## Ear suction

بەکاردیت بۆ ڕاکێشانی (( هێنانە دەرەوە )) ی ئەو مادەیەی کە گوێچکە دەری دەدات لەناو گوێ .



## Draffin bipod stand

بەکاردێت بۆ راگرتنی (( جێگیر )) کردنی ماوسگاگ .



## Mouth gag

بەکاردێت بۆ کردنەوەی دەمی نەخۆش لەکاتی نەشتەرگەری .





**Tonsil holder (( tonsil holding ))**

بەکاردێت بۆ گرتنی لەوزەتێن .



**Tonsil dissector (( pillar retractor ))**

بەکاردێت بۆ فراوانکردن .



**Artery**

بەکاردێت بۆ دانانی گۆز بۆ ناو گەروو تاکو هیچ شلەمەنی نەچێتە ناو گەروو .



**Negus**

بەکاردێت بۆ دانانی دەزوو بۆ ئەو ئوێنەی کە خوێنی لێ دێت بۆ گرێدانی لە نەشتەرگەری لەوزەتێن  وە  بۆ هێنانە دەرەوەی ئەو گۆزانەی کە لە گەرووی نەخۆش دادەنرێ تاکو هیچ شلەمەنی نەچێتە ناو گەرووی نەخۆش لەکاتی نەشتەرگەری .



**Tonsil scissor**

**مقەسێکی تیژ نی یە بەکاردێت بۆ بڕینی شانە نەرمەکان ەی لەیەك جیاکردنەوە دوو بەش .**



**Curette**

**بەکاردێت بۆ هێنانە دەرەوەی شانەی ئەدینۆید .**



## Bayonet forceps

بەکاردێت بۆ بەرزکردنەوەی شانەکان یان ئەندامەکانی جەستە بۆ ئەوەی باشتر ببینرێن ، وە بۆ هێنانە دەرەوەی شانەکان .



## Forceps

بەکاردێت بۆ هێنانە دەرەوەی شانە نەرمەکان وە کرکراگەکان .



## Endoscope

لەڕێگەیەوە دەتوانرێ سەیری هەموو بەشەکانی ناوەوەی لووت (( کە پوو )) بکرێ .




## Nasal forceps

بەکاردێت بۆ هێنانە دەرەوەی شانە وە گۆشتی زیادەی ناو لووت (( کە پوو )) .



## Aural speculum

لە ڕێگەیەوە سەیری بۆشایی گوێ دەکرێ .





## Drum

بەکاردێت بۆ دانانی گۆز یان ئالەتەکان بۆ ئەوەی خاوێن (( تعقیم )) بکرێ .




## bayonet forceps

بەکاردێت بۆ سوتاندنی ئەو شوێنی کە خوێنبەربونێکی بچوکی هەیە وە بۆ بڕین لەوزەتێن بەکاردێ .



## Laparoscopic Suction

بەکاردێت بۆ شوشتنی بۆشایی زگ (( سك )) وە خاوێنکردنەوەی بە ئاو ز وە راکێشانی دەردراوەکان .



## scissor

بەکاردێت بۆ بڕینی شانە هەمەجۆرەکان .



## Hook

بەکاردێت بۆ سوتاندنی شوێنێك کە خوێنبەربونی کەمی هەیە وە بۆ لەیەکتر جیاکردنەوەی دوو بەش وە بۆ بڕینی شانە و ئەندامەکان بەکاردێ .



## Clip applicator

بەکاردێت بۆ قە پاتکردنی جۆگە (( کەناڵ )) ی کیسە پانەکان وەکو کەناڵی زەرداو .بەهۆی کلیپسی تایبەت .



## endoscope

بەکاردێت بۆ بینی ناوەوەی لاشە وەکو بۆشایی زگ (( سك )) .



## dissector

بەکاردێت بۆ فراوانکردن و گرتنی ئەندامەکان .



## grasper

بەکاردێت بۆ گرتنی شانە وە ئەندامەکانی ناوەوەی لاشە .



## Curved Maryland

بەکاردێت بۆ فراوانکردن تکو جێیەکە رونتر ببینرێ .




## Babcock

ئەم ئالەتە بۆ دەستێوەردانی فرەجۆر بەکاردێت وەکو هێنانە دەرەوەی کرکراگەی چەماوە وە زیادە گۆشتی جگەر و هەروەها زیادەگوشت لە جگەر ، قۆلۆن ، وە بۆشایی لووت (( کە پوو )) .



## Veress needle

بەکاردێت بۆ تێکردنی گازی (( $Co_2$ )) بۆ ناو بۆشایی زگ (( سك )) لە نەشتەرگەری هەناو بینی.



## Endobag

بەکاردێت بۆ هێنانە دەرەوەی تورەگەی زەرداو لە بۆشایی زگ (( سك )) .



**Endoscope camera**

**بەکاردێت بۆ بینینی ئەندامەکانی ناوەوەی لاشە**




**Tweezer**

**بەکاردێت بۆ گرتنی لۆکە (( لە هەرکارێکی ددانسازی )) .**



## Mirror

بەکاردێت بۆ تەماشاکردنی ئەو ددانانەی کە بە ئاسانی نابینرێن وە بۆ راکێشانی شانەی نەرم .



## Probe

بەکاردێت بۆ زانینی کلۆری ددان کە کلۆری ددان رەقە یاخود نەرمە .



**Condenser**

بەکاردێت بۆ پەستانەوەی (( حەشوە )) ئەو مادەیەی کە لەناو ددان دەکرێت .




**Burnisher**

بەکاردێت بۆ سافکردنی (( حەشوە )) . (( مەلگەم )) ئەو مادەیەی کە ددانی پێ پڕ دەکرێتەوە .



## Elevator

بەکاردێت بۆ دەرهێنانی ددانی شکاو .




## Forceps

بەکاردێت بۆ دەرهێنانی ددان .



## Band & retainer

لەکاتی پڕکردنەوەی ددان بەکاردێت کە لە تەنیشتی ددان دادەنرێت بۆ ئەوەی ددانەکان بەیەکتر نەکەون .



## Cotton roll

بەکاردێت بۆ پاراستنی ددان لە لینجەمادەکان و تەربوون .



**ناو و بەکارهێنانی هەندێك لەو ئامێرو ئەدەواتە گرنگانەی ناو نەخۆشخانە**

**Anesthesia Machine**

**ئامێرێکی پزیشکی یە بەکاردێت بۆ دوورستکردن و تێکەلکردنی گازی تازە وە لەرێگەی ئەم ئامێرەوە ئۆکسجین دەدرێت بە نەخۆش.**





**Microscope-:**

**ئامێرێکە بەکاردێت بۆ بینینی تەنە زۆر بچوکەکان.**

## MRI ((Magnetic resonance imaging)) -:

موگناتیسێکی گەورەیە و شە پۆلی رادیۆیی بەکار دێنێت بۆ سەیرکردنی ئەندامەکان وە پێکهاتەی ناو جەستە ، وە زۆر بەسودە بۆ پشکنینی مێشك وە

دڕکە پەتك .




## X –ray

بەکاردێت بۆ گرتنی وێنەی ناوەوەی جەستەی مرۆڤ وەکو ئێسك و ددان .




## Ultra sound

شه پۆلە لەرەلەرێکی زۆر بەرزە بۆ وێنەگرتنی ناوەوەی جەستە بەکاردێت و ئامێرێکی زۆر گونجاوە بۆ بەکارهێنانی ئەو ئافرەتانەی دووگیانن .



## ECG ((electrocardiogram ))-:

بەکاردێت بۆ خەزنکردنی ئەلیکترۆنیاتی دل و پاشان پرێنتکردنی لەسەر کاغەزێکی تاییەت .



**Dialysis machine**

ئامێرێکە بەکاردێت بۆ فلتەرکردنی خوێن و پاککردنەوەی ، وە یارمەتی پاراستی شلەو ئەلیکترۆلیتەکان دەدات کە لە هاوسەنگیدا بمێننەوە کاتێك گورچیلەکان ناتوانن فرمانەکانیان جێ بەجێ بکەن .



**Phototherapy machine**

ئامێرێکە بەکاردێت بۆ چارەسەرکردن بە رووناکی ، بۆ مندالی تازەلەدایك بوو .



**Radiant warmer**

ئامێرێکە بەکاردێت بۆ پاراستنی پلەی گەرمی لەشی مندالی تازە لەدایك بوو .



**Ventilator**

بەکاردێت بۆ یارمەتی دانی هەناسە یان دانانی هەناسەی دەستکرد .



## Cardiac monitor

شاشەیەکی پزیشکی یە بەکاردێت بۆ پیشاندانی

- پلەی گەرمی لەش
- لێدانی دل
- هەناسەدان
- پەستانی خوێن




## Instruments Sterilizer -:

ئامێرێکە بەکاردەهێنرێت بۆ تەعقیم کردنی ئەدەواتەکان پاش هەر دوورینەوەیەك ،لە رێگەی کولاندنی ئاوەوە ئەو تەعقیمە دەکرێت ، ئاوەکە بۆ ماوەی ١٥ خولەك لەناو جیهازەکە دەکولێندرێت و پاشان ئەدەواتەکان دەخرێنە ناوە بۆ ماوەی ٢٠ خولەکی تریش ئاوەکە دەکولێندرێ لەگەل ئەدەواتەکان .



## Suction machine

بەکاردێت بۆ ڕاکێشانی خوێن یان دەردراوەکان .




## Surgical Light

گولۆپێکی تایبەتە بە ژووری نەشتەرگەری بەکار دێت بۆ ڕووناک کردنەوەی ئەو بەشەی جەستە کە نەشتەرگەری بۆ دەکرێت .



**Weight machine (( scale ))**

بۆ کێشانی کێشی لەش .




**Opthalmscope-:**

بەکاردێت بۆ تەماشاکردنی تۆڕەی چاو .



**Ambu Bag-:**

**لەحالەتی فریاکەوتن دا بەکاردێت کاتێك کەسێك توشی کێشەی هەناسەدان دەبێت و بۆ دابینکردنی هەوای دەستکرد .**



**Air way-:**

**بەکاردێت بۆ پاراستن و کردنەوەی ڕێرەوی هەوا ، ڕێگریکردن لە گەرانەوەی زمان بۆ دوواوە کە بۆرێ هەناسە قەپات دەکات .**



**Otoscope-:**

بەکاردێت بۆ تەماشاکردنی گوێ ی ناوەند .



**Gas cylinder (( Bottle )) -:**

بەکاردێت بۆ خەزنکردنی ئۆکسجین لە حالەتی کت و پر دەدرێت بە نەخۆش کاتێك ئۆکسجینی مەرکەزی کێشەی بۆ درووست بێت وەکو جیگرەوە بەکاردێت .



**Glucometer**

جیهازی شەکرە بەکاردێت بۆ دیاریکردنی ڕێژەی شەکر لە خوێندا .




**Spirometer**

ئامێرێکی زۆر بەربلاوە لە فەرمانگە و بنکەکان بەکاردێت بۆ پشکنینی سییەکان کە چەندە هەوا هەڵدەمژی و وە چەندە هەوا دەدەیتەوە و چەند بە خێرایی هەوا هەڵدەمژی و دەدەیتەوە .



## Incubator

دابینکردنی ژینگەیەکی لەبارە بۆ منداڵی تازە لەدایك بوو بۆ ڕێکخستنی پلەی گەرمی و ئۆکسجین و ڕووناکی بۆ منداڵەکە.



## Operating table

تەختی نەشتەرگەری کە تەختێکی جیاوازە کە شوێنی دانانی پێ و دەستی هەیە کە تەختێکی ئەلیکترۆنی یە .



## Mammogram machine

بەکاردێت بۆ دەست نیشانکردن و وێنەگرتنی سەرەطانی مەمك لە ئافرەتـان دا .



## Echocardiogram machine

سۆنارێکی تـایبەتە بۆ گرتنی وێنە دل .



**Autoclave machine**

**جیهازێکە بەکاردەهێنرێت بۆ خاوێنکردنەوە (( تعقیم )) کردنی کەلوپەلەکان بۆ کوشتنی بەکتریا و ڤایرۆس .**



**ICU bed -:**

**تەختی ژووری چاودێری چڕە .تەختێکی ئەلیکترۆنی یە .**



**Syring Pump**

**لەرێگەی ئەم ئامێرەوە دەتوانیت کات بۆ دەرزیەکە دابنرێت کە بە چەند خولەك تەواو ببێت .**




**Nebulizer-:**

**دووروستکردنی بوخارە بەهۆی (( ڤینتۆلین )) بۆ ئەوەی رێرەوی هەناسە فراوان ببێت و نەخۆش بتوانێت بە ئاسانی هەناسە بدات .**



**Sphygmomanometer**

بەکاردێت بۆ پێوانی پەستانی خوێن (( زەخت )) .



**Stethscope-:**

سەماعەی پزیشکی کە لەرێگەیەوە دەتوانیت گوێ لە لێدانەکانی دل و جولانەوەی ریخۆلەکان و دەنگی هەناسە ببیێت .



**Thermometer -:**

**بەکاردێت بۆ زانینی پلەی گەرمی لەش .**




**Infusion set -:**

**جۆرە سۆندەیەکە لەرێگەیەوە دەتوانرێت مغەزی بدرێت بە نەخۆش .**




**Blood infusion set-:**

**سۆندەیەکە لەڕێگەیەوە خوێن دەدرێت بە نەخۆش و جیاوازی یەکەی لەگەل جۆرەکانی تری سۆندەکان ئەوەیە کە فلتەرێکی درێژی تێدایە .**



**Safty infusion set-:**

**جۆرە سۆندەیەکی ترە لەڕێگەیەوە مغەزی دەدرێت بە نەخۆش بۆیە بە سۆندەی سەلامەت ناسراوە کە فلتەرێکی تێدایە .**



**Microdeop (( measured volume set ))**

**لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت مغەزی بدرێت بە نەخۆش بەلام دەتوانیت ڕێژەی مغەزی دیاری بکە بۆ نمونە ٥٠ سی سی یان ١٠٠ سی سی ...... هتد .**




**Three way stop cock (9 BI – valve )**

**جۆرە سەرێکی کانولایە دەتوانرێت دوو مغەزی بەیەکەوە بدرێت بە نەخۆش وە دەتوانرێت یەك موغەزیش ڕاگریت .**



**Nasogastric tube (( enternal feeding tube ))**

**لوولەیەکە لە ڕێگەی کە لووت ( کە پو ) دەبردرێتە ناو گەدە یان ریخۆلەی بچووک کاتێك نەخۆش توانای خواردنی نامێنێت یاخود بەهەر هۆکارێکی تر کە نەخۆش توانای خواردنی نەمێنیٚ .**



**Colostomy bag-:**

**کیسێکی پزیشکی تایبەتە بۆ ئەوانەی نەشتەرگەری ریخۆلەی گەورە دەکەن بۆ ئەوەی پیسایی نەخۆش بچێتە ناوی .**



**Cord clamp -:**

**بەکاردێت بۆ مندالانی تازە لە دایك بوو کە لە پەتی ناوکیان دەدرێت**



**ECG electrodes (( disposable electrodes ))-:**

**هەندێ لیدی تایبەتن کە لە سنگی نەخۆش دەدرێ وە بەهۆی چەند وایەری تایبەتەوە بە یەکتر دەبەسترێن و پێشان دەبەسترێن بە جیهازی (( ECG )).**




**Wheelchair**

**کورسی یەکی تایبەتە کاتێك کەسێك توانای ڕۆیشتنی نامێنێت جا بەهەر هۆکارێك بێت .**



**Eye chart**

**پۆستەرێکی تایبەتی پزیشکی یە بەکاردێت بۆ پشکنینی چاو .**



## Stretcher

گوێزەرەوەیەکی تایبەتە بۆ کەسێك بەکاردێت کاتێك شوێنێکی شکبێت یان توشی روداوێك بوبێت بەهۆیەوە دەتوانرێت کەسەکە بگوێزرێتەوە .



## Urine sample

قوتویەکی بچوکە کە نەخۆش میزی تێدەکات بۆ ئەوەی پشکنینی بۆ بکرێت .



## Ambulance gurney

تەختی ئیسعاف تەختێکە لەناو ئیسعاف دایە کاتێك کەسێك توشی ڕوداوێك دەبێت بەهۆیەوە کەسەکە توانای جولانی نامێنێت بۆیە بەو تەختە دەتوانرێت ببرێتە ناو ئیسعاف .



## Emergency strecher-:

تەختی فریاکەوتن بۆ گواستنەوەی نەخۆش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر .




**Oximeter**

**ئامێرێکی پزیشکی بچوکە کە پە نجەی نەخۆش لەناو دادەنرێت و بەهۆیەوە دەتوانرێ ڕێژەی ئۆکسجینی ناو خوێن وە لێدانی دل بزانرێت .**




**Suction catheter**

**(( وە suction. سۆندەیەکی باریکی نەرمی بەکاردێت بۆ دەرهێنانی دەردراوەکان لە بۆری هەناسە بەهۆی جیهازی ((**



**Flex mask** (( oxygen mask ))

ماسکێکی پلاستیکی نەرمی بەهۆیەوە ئۆکسجین دەدرێت بە نەخۆش .



**Twin oxygen set ((** twin bore nasal set **))-:**

جۆرە سۆندەیەکی باریکە دوو سەری هەیە کە دەچنە ناو هەردوو کونە لووتی نەخۆش بۆ پێدانی ئۆکسجین .



**Hi mask** (( oxygen lock )) (( oxygen mask ))-:

**ماسکی پزیشکی یە بۆ پێدانی ئۆکسجین بە نەخۆش**



**Aero mask / Aero neb** (( aerosol kit **))**

**ماسکێکە بەکاردێت بۆ پێدانی ئۆکسجین بە نەخۆش کە تایبەتە بە جیهازی** (( nebulizer )) **کە بوخار درووست دەکات بەهۆی (( ڤینتۆلنەوە )) . ئەو ماسکە لە ژێرەوەی شوێنی ( ڤینتۆلینی ) هەیە بۆ تێکردنی.**



**Romsons vac set** (( closed wound suction set ))

جۆرە سۆندەیەك (( درێن )) ئێکی باریکە سەرەکەی لە شوێنی نەشتەرگەری دادەنرێت باشان برین قە پات دەکریٚ بۆ ئەوەی هەرچی خوێن هەبیٚ لەڕێگەی ئەو درێنەوە بێتە دەرەوە .



**Suction set-:**

لەڕێگەیەوە دەردراوەکان ڕادەکێشرێنە دەرەوە .




**Urine bag**

)) بۆ ئەوەی میزی نەخۆش بێتە ناوی وە دەتوانرێت پێوانەی میزەکە catheterکیسی میز ئەم کیسە دەبەسترێت بە ((
بکرێت .




**Nelation catheter ((** urine drainage catheter **)) -:**

بەکاردێت بۆ بەتاڵ کردنەوەی میزلدان




**Male external catheter-:**

ئەم جۆرە سۆندەی میزە کە بۆ پیاوانە وەکو کۆندام بەکاردەهێنرێت بەکاردێت بۆ ئەو کەسانەی کە توانای کۆنترۆلکردنی میزیان نی یە .



**Foley balloon catheter ((** uro catheter **))-:**

بەکاردێت بۆ بەتالکردنەوەی میزلدان



C- arm x-ray -:

ئەم جۆرە ئەشعەیە لە نەشتەرگەرییە ئالۆزەکان و حالەتە لەناکاوەکان بەکاردێت .



CT – scan-:

دەگرێت لە ئەندامانی ناوەوەی لەش وەکو (( سنگ – حەوز – شان – پێ – گورچیلە – جگەر – میزلدان – 3Dوێنەی
ئێسك – دڕکە پەتك ......... ))



X-ray viewer (( x-ray  film viewer ))

جۆرە گولۆپێکی پزیشکی یە بەهۆیەوە دەتوانرێت سەیری ئەشعە بکرێت .



Back table-:

مێزێکی تایبەتە بە ژووری نەشتەرگەری لەکاتی نەشتەرگەری ئەدەواتەکان (( ئالەتەکان )) لەسەری دادەنرێت .



## Medical headlight

جۆرێکە لە لایت کە پزیشك لەسەر سەری دادەنێت لە نەشتەرگەریەکانی لووت و قورگ و گوێ چونکە ڕووناکیەکەی پەرش و بلاو نی یە .



## Chest tube

سۆندەیەکی پلاستیکە بەکاردێت بۆ هێنانە دەرەوەی فلودەکان یان هەوا لە سنگ وەکو خوێن یان التهاب کە کۆبوبێتەوە لە بەینی سییەکان و وە دیواری سنگ ز تایبەت بۆ ئەوکەسانەی کە گولەیان بە سنگیان کەوتووە پیوستە بەزوترین کات بۆیان دابنرێ .



**Laryngoscop**

**بەکاردێت بۆ دانانی تیوب (( سۆندە )) کاتێك کەسێك پیوستی بە نەشتەرگەری هەبێت .**



**Lancet-:**

**بەکاردێت بۆ کونکردنی سەری پە نجە تاکو چەند دلۆپە خوێنێك وەربگیرێ بۆ پشکنینی شەکرە وە هەروەها لە مندالان زۆر بەکاردێ .**



## Centrifuge

ئامێرێکی پزیشکی تاقیگەیە بەکاردێت بۆ لەیەکتر جیاکردنەوەی خوێن و پلازما .





## Pipette

بەکاردێت بۆ ڕاکێشانی خوێن- سیرەم – میز وە دانانی لەسەر شوێنێکی تر .



## Microscope slide

دانانی خوێن یاخود میز یاخود پیسایی لەسەری بۆ ئەوەی لە ژێر مایکرۆسکۆپ پشکنینی بۆ بکرێت .



## Microscope cover glass

شوشەیەکی پزیشکی بچوکە لەسەر خوێن یان میزەکە یان پیسایەکە دادەنرێت پێش ئەوەی بخرێتە ژێر مایکرۆسکۆپەوە .



## Urine cup

قوتویەکی بچوکە نەخۆش میزی تێ دەکات بۆ پشکنین .



## Urine collection tube

جۆرە قوتویەکی باریکی سەرسپی یە میزی نەخۆشی تێ دەکرێ پاشان لەناو سەنتەرفوج دادەنرێ .



Shaker (( tube roller ))

کاتێك خوێن لەناو تیوب دەکرێ پاشان لەسەر ئەم ئامێرە دادەنرێت بۆ ئەوەی خوێنەکە نەمەیێت .



Blood bag

کیسی خوێن کاتێك کەسێك خوێنی زیاد بێت پێوستی بە خوێندان دەبێ ئەوکات کەسەکە پیوستی بەو کیسە خوێنە دەبێت .



## blood collection mixer

کاتێك کەسێك خۆێن دەدات بوتلی خوێنەکە لەسەر ئەم ئامێرە دادەنرێت تاکو خوێنەکەی نەمەیێت .





## Bilirubin meter


ئەم ئامێرە بەکاردێت بۆ پشکنینی زەردوویی (( زەردك )) لە منالی تازە لەدایك بوو و وە پێگەیشتوان .



## Rose Bengal

پشکنینی گرانەتا





## Rheumatiod factors

پشکنینی ڕۆماتیزم .




## CRP latex

پشکنینی التهاباتی خوێن .





## Neck collar (( neck brace )) (( cervical collar )

بەکاردێك کاتێك کەسێك توشی هەر جۆرە کێشەیەك ببێت لە (( ملی )) بۆ ئەوەی جولەی مل سنوردار بکات نەتوانێ ملی بەهەموو لایەکدا بسوڕێنی تاکو زیان بە دڕکە پەتك نەگات



## Oxygen Flowmeter with Humidifier

بەکاردێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕێژەی ئۆکسجین کە چەند ئۆکسجین دەدرێت بە نەخۆش .




## Endotracheal tube

ئەم سۆندە پلاستیکیە دەبرێتە ناو بۆری هەوا بۆ پێدانی ئۆکسجین بە نەخۆش لەکاتی نەشتەرگەری .




## Stylet

جۆرە شیشێکی باریکی پزیشکی یە لەکاتی ئینتوبەیشن کاتی نەخۆش بێهۆش دەکرێ لەناو

((endotracheal)) دادەنرێ بۆ ئەوەی سۆندەکە بە ئاسانی دابنرێ وە بۆ خوارکردنەوەی سۆندەکە بەسودە.





## Laryngeal mask

ئەم تیوبە (سۆندەیە ) دەبرێتە ناو بۆری هەناسە بۆ پێدانی ئۆکسجین بە نەخۆش لەکاتی نەشتەرگەری وە بۆ ئەو نەخۆشانە دادەنرێت کە ئەگەری ڕشانەوە یان نی یە .



## DC shock (( defibrillator machine ))

کاتێك دلی نەخۆش رادەوەستی بەهۆی ئەم ئامێرەوە هەول دەدرێ لێدانی دلی بۆ بگەرێندرێتەوە .



# زانیاری لەسەر خیط (( داو ))ی دوورینەوە وە ئەو کورتکراوانەی سەر نایلۆنی داوەکە هەن .




**2-0 :-** کە بە دوو زیرۆ دەخوێندرێتەوە واتە (( **ئەستوری و باریکی** )) داوەکەیە .

**3.0 metric :-** بەهەمان شێوە قیاسی داوەکەیە کە چەند (( **ئەستووره یان باریکە** )) **بەلام قیاسی ئەورووپی یە** .

**75 cm :-** درێژی داوەکەیە واتە داوەکە **٧٥ سانتیم** درێژە .

**30 :-** درێژی داوەکەیە بەلام **بە قیاسی ئەورووپی** .

**Ps-2 :-** کۆدی نیدلی داوەکەیە .

**19mm :-** ئەستوری نیدلەکەیە .

**3/8 c :-** قەوسی نیدلەکەیە کە نیدلەکە **چەند قەوسە** .

**Reverse Cutting :-** واتە نیدلەکە - کەتینگە (( **سەری نیدلەکە تیژە** )) .

 -: ئەم هێمایەش واتە نیدلەکە **تیژە** (( سەری نیدل تیژە )) .

 -: شێوەی نیدلەکەیە .

**Sterile** -: واتە داوەکە (( **تعقیم** )) خاوێنە .

**Non absorbable** -: واتە نامژرێ (( **تەنها بۆ دوورینەوەی پێست** )) دەبێت . ناتوانین بۆ ژێر پێست بەکاری بهێنین .

**Do not reuse/resterilize**  -: دووبارە بەکارنایەتەوە / دووبارە تعقیم ناکرێتەوە .

**See instructions for use**  -: سەیری ڕێنمایەکان بکە کە چۆن بەکار دێت .

Method of Sterilisation – Irradiation. STERILE | R -: واتە بەو مادەیە تەعقیم کراوە .

Method of Sterilisation – Ethylene Oxide. STERILE | EO -: بەو مادەیە تەعقیم کراوە .

**Nylon suture** -: واتە داوەکە نایلۆنە .

**ETHILON*** -: ناوی ئەو کۆمپانیایەی کە دووروستی کردووە .

**CLEAR MOMOFILAMENT** -: واتە داوەکە تەنها لە یەك تاڵە داو دووروست کراوە .

**D9635 special order** -: کۆدی دووبارە داواکردنەوە .

# جۆری داوەکان وەڕەنگیان و کۆدیان




| Polyglycolic acid | polydioxanone | Chromic catgut | Plain catgut | ماده |
|---|---|---|---|---|
| چەند تاڵە داوێکن | یەك تڵە داوە | چەند تاڵە داوێکن | چەند تاڵە داوێکن | داوەکە |
| مۆر | مۆر | قاوەیی | زەرد | ڕەنگ |
| دەمژرێ | دەمژرێ | دەمژرێ | دەمژرێ | داهاتوی |
| PGA | PDO | CC | PC | کۆد |




| Polyglycolic acid | polyester | nylon | silk | ماده |
|---|---|---|---|---|
| یەك تڵە داوە | چەند تاڵە داوێکن | یەك تاڵە داوە | چەند تاڵە داوێکن | داوەکە |
| شین | کەسك یان سپی | ڕەش یان شین | ڕەش یان شین | ڕەنگ |
| نا مژرێ | نا مژرێ | نا مژرێ | نا مژرێ | داهاتوی |
| PP | PB | NL | SK | کۆد |

ئەو داوانەی بۆ پێست بەکار دەهێنرێن وەئەو داوانەی بۆ ناو لاشە بەکاردێن





## شێوازی گرتنی نیدل هۆلدەر (( needle holder )) .

سەرنجی وێنە بە جوانی بدەن کە شێوازی گرتنی نیدل هۆلدەر چۆنە بۆ ئەوەی لەکاتی دوورینەوە بتوانیت کۆنترۆل لەسەر دەستت بکەی .




## بەکارهێنانی جۆری داو وە چەند رۆژ لە پێست دەمێنێتەوە





4.0 یان 5.0
7 ڕۆژ
4.0
10 - 12 ڕۆژ
4.0 یان 5.0
7 - 10 ڕۆژ
4.0
7 - 10 ڕۆژ
5.0
7 - 10 ڕۆژ
4.0
7 - 10 ڕۆژ
4.0
10 - 12 ڕۆژ
4.0
10 - 12 ڕۆژ

# شێوازەکانی دوورینەوە


1- Simple suture .





2- Simple continuous .





3- intrupted vertical mattress suture.




4- intrupted horizontal mattress suture.



5- continuous horizontal mattress suture.




**6- blanket suture.**



**7- staples-satures.**



**8- strips suture.**



**9- glue suture.**



# شێوازی (( بەنج کردنی )) پە نجە

بە دوو شێواز دەتوانرێت **پە نجە** بەنج بکرێت .

## یەکەم :-


دەبێت بە نجەکە لە لاتەنیشتی پە نجە بدرێت بەلام دەبێت بە شێوەی ((superficial)) ستحی بێت .



وە هەروەها بۆ بەشی سەرەوەی پە نجەش بەهەمان شێوە بێت زۆر ستحی بێت



بۆچی دەڵێین دەبێت زۆر سە تحی بێت چونکە لی هەردوو لا تەنیشتی پە نجە ڤێن و ئارتری هەیە سەیری وێنە بکە .





وە بۆ هەر لایەك ٢ سی سی <u>لیدۆکاین</u> بەکار دەهێنین بەلام دەبێت زۆر بە هێواش لیدۆکاین لێبدرێ



وە هەروەها بۆ ژێرەوەی پە نجەش بە هەمان شێوە بە شێوەیەکی **سە تحی** لێ بدرێ وە **٢بۆ ٣ خولەك** دەێت چاوەڕێ کەیت تاوەکو چە نجە سڕ دەبێت .



وە کو گوتمان دەبێت بە شێوەی سە تحی بێت بۆ خوارەوەی پە نجەش لەبەر بونی ئارتری و ڤێن



## دووەم

دەبێت بە نجەکە لە **ناوەراستی** هەردوو پە نجە بدرێت بەلام بەشێوەی **سە تحی** سەیری وێنەکە بکەن



سەرنج بدەن لە وینەی ژێرەوە لەکاتی بە نجکردن دەبێت **٢ بۆ ٣ سی سی** بە هێواشی لێبدرێ گەر سەرنج بدەین شوێنەکە ئەستوور دەبێت بەهۆی بە نجەکەوە .



وە بۆ لای دەرەوەی پەنجەش وەکو لە وێنەی خوارەوە دیارە لە تەنیشتی پەنجە بۆ لای دەرەوە بە نجی لێ دەدەین



## شێوازی کردنی (( back slap )) باکسلاب

دەبێت دەستی نەخۆشەکە بە گۆشەی ۹۰ پلە دابنرێت سەیری وێنەی ژمارە ۱ بکە .

١



پاشان شوێنەکە بە لۆکە دادەپۆشین سەیری وێنە ژمارە ۲ بکە .

٢




پاشان قیاسی شوێنەکە وەردەگرین کە چەند درێژە سەیری وێنەی ژمارە ٣ بکە .

٣



پاشان گەچەکە دەبرین بەو قیاسەی کە پێشتر قیاس کرابوو وە دەبێت ٨ یان ١٠ پارچە یان قەدە گەچ لەسەر یەك دادەنرێت سەیری وێنەی ژمارە ٤ بکە .

٤




وە پاشان قیاسی ئەنیشك دەکەین سەیری وێنەی ژمارە ٥ بکە



وە پاشان پارچە گەچەکی تر دەبڕین بۆ ئەنیشك کە ئەویش ٥ بۆ ٦ پارچە گەچ بێت سەیری وێنەی ژمارە ٦ بکە .

٦



**وە پاشان ئەو گەچەی یەکەم جار بڕیمانە لە ناو ئاوێکی نە زۆر گەرم وە نە زۆر سارد (( شیرتێن )) دادەنێین تاوەکو گەچەکە تەڕ دەبێت .سەیری وێنەی ژمارە ٧ بکە .**

٧



**وە پاشان گەچە کە بە دەست دەگوشین بۆ ئەوەی ئاوەکەی پێوە نەمێنێ سەیری وێنەی ژمارە٨ بکە .**

٨



وه پاشان گەچەکە لەسەر لۆکەکە دادەنێین و بە دەست لووسی دەکەین سەیری وێنەی ژمارە ٩ بکە .

٩



وه پاشان ئەو پارچە گەچەی تر گە بۆ ئەنیشکمان بڕی بوو ئەویش لەناو ئاو دادەنێین و پاشان بە دەست دەگوشین و تاکو ئاوەکەی پێوە نەمێنێ پاشان لەسەر ئەنیشك دادەنێین سەیری وێنەی ژمارە ١٠ بکە .

١٠



وە پاشان ئەویش بە **جوانی لوس** دەکەین و وە سەیری وێنەی ژمارە١١ بکە .

١١



وە پاشان بە **لەفافێك** یان **باندجێك** دەبیەستین سەیری وێنەی ژمارە ١٢ بکە .

١٢



وە پاشان سەرە پە نجەی کەسەکە توند دەگوشین بۆ ئەوەی بزانین کە باندجەکە توند نی یە سەرەتا کە سەرەپە نجەی کەسەکە سپی دەبێت کە دەستمان هەلگرت هەر زوو وەکو خۆی سوور دەبێتەوە ، کەواتە باندجەکە توند نی یە سەیری وێنەی ژمارە ١٣ بکە .

١٣



وە پاشان لەفافێك لە ملی کەسەکە وە دەستی دە ئالێنین کە پێ دەڵێن (( arm sling )) ئارم سلینگ سەیری وێنەی ژمارە ١٤ بکە .

١٤




تێبینی :- بە کەسەکە دەڵێن ئەگەر سەرەپە نجەکانت (( شین یان مۆر یان سڕ )) یان هەر شتێکی تری نا ئاسایی لە دەستت رووی دا بەزووترین کات سەردانی نەخۆشخانە بکات . چوونکە ئەگەر شتێکی وا رووی دا ئەوە واتای ئەوەیە کە زۆر توندمان گرێ داوە و دەبێت بەزوترین کات گەچەکە لێ بکرێتەوە .


# شێوازەکانی دەرهێنانی داو (( خیط ))

**یەکەم : شێوازی دەرهێنانی (( blanket suture )) .**


١




٢




٣




٤



٥



٦




دووەم : شێوازی دەرهێنانی ((staple suture)) .









**سێ یەم : شێوازی دەرهێنانی ((intrupted horizontal suture)) .**





**چوارەم : شێوازی دەرهێنانی ((vertical suture)) .**











**پێنجەم : شێوازی دەرهێنانی (( simple continuous suture )) .**


1




2





3



4



5


6


7


8


# جۆرەکانی تیوبی تاقیگە و بەکارهێنانیان

## ١- تیوبی مۆر




بەکاردێت بۆ پشکنینەکانی (( هیماتۆلۆجی )) .

پشکنینی ڕێژەی خوێن .*Haemoglobin (( HB ))*-

پشکنینی پەرەکانی خوێن . *Platelets (( PLT ))*-

پشکنینی ڕێژەی خرۆکە شیپەکان .*White cell account (( WCC ))*-

پشکنینی شەکرەی ٣ مانگی . *HbA1c*-

پشکنینی شەکرە .*Diabetic blood sugar control*-

## ٢- تیوبی زەرد

بەکاردێت بۆ پشکنینەکانی (( کیمیایی & ڤایرۆسات & سیرۆلۆجی )) .




پشکنینی ئەلیکترۆلایتەکان .*Urea & Electrolytes (( U & E ))*

پشکنینی سۆدیۆم .*sodium (( Na ))*-

پشکنینی پۆتاسیۆم . *Potassium (( K ))*-

*Urea*- .

پشکنینی فەرمانەکانی گورچیلە .*Creatinine*-

پشکنینی فرمانەکانی جگەر.*liver function test (( LFT ))*-

پشکنینی التهابات خوێن .*C-reactive protein (( CRP ))*-

پشکنینی ڕێژەی کالسیۆم – فۆسفات – ئەلبومین ...*Bone profile (( ca – phos – albumin .... ))*-

پشکنینی رێژەی مەگنسیۆم . *-Magnesium*

پشکنینی غودە *-Thyroid function test (( TFT )).*

پشکنینی جەڵتە. *-Cardiac enzyme*

**٣-تیوبی شین**




**بەکاردێت بۆ پشکنینەکانی (( هیماتۆلۆجی )) .**

پشکنینی خەستی خوێن *-prothrombin time* **((PT )).**

*-Activated partial thromboplastin time* **(( APTT )).**

*-Fibrinogen*.

*-Warfarin monitoring*.

پشکنینی خەستی خوێن *-D-dimer*.

*-Raised in DVT&PE.*

**٤-تیوبی ڕەساسی**




**بەکاردێت بۆ پشکنینەکانی (( کیمیایی )) .**

پشکنینی شەکرە کە نان نەخواردبێ. *-Fasting blood sugar*

پشکنینی شەکرە کە نان خواردبێ. *-Random blood sugar*

**٥- تیوبی پەمبە .**

**بەکاردەهێنرێت بۆ زانینی گروپی خوێن وە بۆ پشکنینی خوێنی متابق**

.

**بۆ ناسینەوەی جۆری خوێن (( چ جۆرە خوێنێکە )) *-Analysis of patient blood group.***

**بۆ پشکنینی خوێنی متابق *-crossmatch ((requesting blood from the lab )).***



# كورتكراوەی پشكنینەكان

١. ESR :- پشكنینی التهابات .
٢. Pcv & Hbg :- پشكنینی ڕێژەی خوێن .
٣. TG :- پشكنینی چەوری ژێر پێست .
٤. Cholesterol :- پشكنینی چەوری ناو خوێن .
٥. HDL :- پشكنینی چەوری باش .
٦. LDL :- پشكنینی چەوری خراپ .
٧. VLDL :- پشكنینی هاوسەنگی چەوری .
٨. CHO / HDL :- پشكنینی ڕێژەی چەوری خوێن و چەوری باش .
٩. Blood urea :- پشكنینی تایبەت بە ئیشكردنی گورچیلەكان .
١٠. BUN :- پشكنینی تایبەت بە ئیشكردنی گورچیلەكان .
١١. Creatinine :- پشكنینی فرمانی گورچیلەكان .
١٢. Uric acid :- داء الملوك .
١٣. Serum Albumin :- پشكنینی ڕێژەی ئەلبومین تایبەت بە گورچیلە.
١٤. Albumin in urine :- پشكنینی ئەلبومین لە میزدا .
١٥. Serum total protine :- پشكنینی ڕێژەی پرۆتینی گورچیلە .
١٦. Protien in Urine :- پشكنینی پرۆتین لە میزدا .
١٧. T3 :- پشكنینی غودە .
١٨. T4 :- پشكنینی غودە .
١٩. TSH :- پشكنینی هاوسەنكی غودەی دەرەقی .
٢٠. AST :- پشكنینی ئەنزیمی جگەركە بە (( چەوری جگەر ناسراوە )) .
٢١. ALT :- پشكنینی ئەنزیمی جگەركە بە (( چەوری جگەر ناسراوە )) .
٢٢. TSB :- پشكنینی زەردوویی (( زەردك )) .
٢٣. Direct TSB :- پشكنینی جۆرەكانی زەردك .
٢٤. Indirect TSB :- پشكنینی جۆرەكانی زەردك .

٢٥. Anti phospholipid IgG & IgM :- پشکنینی کێشەکانی مندال لەبارچوون .

٢٦. Anti Cardiolipid IgG &IgM :- پشکنینی کێشەکانی مندال لەبارچوون .

٢٧. WBC :- پشکنینی پێوانەی ڕێژەی خڕۆکە سپییەکان .

٢٨. CBC :- پشکنینی گشتی پێکهاتەکانی خوێن .

٢٩. Brucella (( Rose Bengal test )) :- پشکنینی تای مالتا .

٣٠. Widal :- پشکنینی گرانەتا .

٣١. Blood sugar :- پشکنینی شەکرە

٣٢. RBS :- پشکنینی شەکرەی دووای نان خواردن .

٣٣. FBS :- پشکنینی شەکرەی پێش نان خواردن .

٣٤. HbA1C :- پشکنینی شەکرەی ٣ مانگی .

٣٥. S.calcium :- پشکنینی بڕی کالسیۆم لە لەشدا .

٣٦. CRP Titer :- پشکنینی ڕێژەی ڕۆماتیزم .

٣٧. ASO :- پشکنینی دیارکردنی دژە تەنی بەکتریا .

٣٨. RF :- پشکنینی ڕۆماتیزمی جومگەکان .

٣٩. Anti CCP :- پشکنینی ڕۆماتیزم .

٤٠. B.Group :- پشکنینی دیارکردنی جۆری خوێن .

٤١. Bleeding time :- بۆ دیاریکردنی خوێنبەربوون .

٤٢. Clootting time :- بۆ دیاری کردنی خوێن مەین .

٤٣. PT :- پشکنینی خەستی خوێن .

٤٤. PTT :- پشکنینی خەستی خوێن .

٤٥. INR :- پشکنینی خەستی خوێن .

٤٦. HIV :- پشکنینی ڤایرۆسی ئایدز .

٤٧. HBS :- پشکنینی ڤایرۆسی جگەر جۆری B .

٤٨. HCV :- پشکنینی ڤایرۆسی جگەر جۆری C .


٤٩. LH :- پشکنینی هۆرمۆنی هێلکەدان .

٥٠. FSH :- پشکنینی هۆرمۆنی هێلکەدان .

٥١. Testosterone :- هۆرمۆنی موو بۆ هەردوو ڕەگەز .
٥٢. Free testo :- پشکنینی سەربەستی هۆرمۆنی موو .
٥٣. B – HCG :- پشکنینی هۆرمۆنی سکپڕی .
٥٤. Prolactin :- هۆرمۆنی ڕێکخستنی دەردانی شیر .
٥٥. S.Ferritin :- ڕێژەی ئاسنی خەزن .
٥٦. Total iron :- ڕێژەی ئاسنی ناو خوێن .
٥٧. Vitamin D :- پشکنینی ڤیتامین D .
٥٨. H.pylori in blood :- پشکنینی بەکتریای گەدە (( معیدە )) لە خوێن .
٥٩. H.pylori in stool :- پشکنینی بەکتریای گەدە (( معیدە )) لە پیسایی .
٦٠. P.T in blood :- پشکنینی سکپڕی لە خوێن .
٦١. P.T in urine :- پشکنینی سکپڕی لە میز .
٦٢. CMV IgG & IgM :- پشکنینی ڤایرۆسی تایبەت بە گرفتەکانی سکپڕی .
٦٣. Rubella IgG & IgM :- پشکنینی ڤایرۆسی تایبەت بە گرفتەکانی سکپڕی .
٦٤. Herps I IgG & IgM :- پشکنینی ڤایرۆسی تایبەت بە کێشەکانی منداڵ لەبارچوون .
٦٥. Herps II IgG & IgM :- پشکنینی ڤایرۆسی تایبەت بە کێشەکانی منداڵ لەبارچوون .
٦٦. Toxoplasma IgG & IgM :- نەخۆشی دەردە پشیلە .
٦٧. Toxoplasma Titer :- پشکنینی ڕێژەی نەخۆشی پشیلە .
٦٨. Progestron :- پشکنینی هۆرمۆنی منداڵدان .
٦٩. SFA :- پشکنینی سپێرم .
٧٠. SFA Culture :- پشکنینی زەرعی سپێرم .
٧١. FOB :- پشکنینی قۆلۆن (( کۆلۆن )) .
٧٢. GSE :- پشکنینی پیسایی .
٧٣. IgE :- پشکنینی هەستیاری .
٧٤. TB :- پشکنینی سیل .
٧٥. D-Dimer :- پشکنینی خەستی خوێن .
٧٦. CK-MB :- پشکنینی تایبەت بە جەڵتەی دل .

٧٧. Myoglobin :- پشکنینی تایبەت بە جەڵتەی دل .
٧٨. Troponin I :- پشکنینی تایبەت بە جەڵتەی دل .
٧٩. Fibronogen :- پشکنینی خوێنبەربوون لە ئافرەتان .
٨٠. Platelate Count :- پشکنینی پێوانی ڕێژەی پەرەکانی خوێنە .
٨١. PSA :- پشکنینی پرۆستات .
٨٢. S.Calicium :- پشکنینی کالسیۆم .
٨٣. Typhoid IgG :- پشکنینی گرانەتا .
٨٤. Typhoid IgM :- پشکنینی گرانەتا .
٨٥. 2ME :- پشکنینی حەمەمالتا .
٨٦. GUE :- پشکنینی میز .
٨٧. GUE culture :- پشکنینی زەرعی میز .
٨٨. MID :- پشکنینی پێوانی ڕێژەی مۆنۆ سایتەکان .
٨٩. GRA :- پشکنینی پێوانی ڕێژەی گرانۆلۆرسایتەکانە .
٩٠. LYM :- پشکنینی پێوانی ڕێژەی لیمفۆ سایتەکانە .
٩١. HB :- پێوانی ڕێژەی هێمۆگلۆبین.
٩٢. HCT :- پێوانی ڕێژەی خوێن .
٩٣. RBC :- پێوانی ڕێژەی خرۆکی سورەکانە .
٩٤. MCV :- پێوانی تێکرای قەباری خرۆکە سورەکانە .
٩٥. MCH :- تێکڕای بڕی هێمۆگلۆبینە لە خرۆکەیەکی سوردا .
٩٦. MCHC :- تێکرای خەستی هێمۆگلۆبینە لە خرۆکەیەکە سووردا .
٩٧. RDW :- بڕی گۆڕانی قەبارەی خرۆکە سورەکانە .
٩٨. MPV :- پێوانی قەبارەی پەرەکانی خوێنە .
٩٩. PDW :- فراوانی دابەش بوونی پەڕەکانی خوێنە .
١٠٠. LPCR :- پێوانی تێکرای خەستی پەرە گەورەکانی خوێنە .

# زانیاری لەسەر پشکنینی CBC



ID 1:
ID 2:
Seq.: 10326
Date: 2021-09-12
Time: 08:52 AM
Prof.: Blood
Asp.: Open Tube
Oper.:
Notes:

| | | | | Ranges | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| WBC | 6.1 | | 10^9/l | 3.5 | : | 10.0 |
| LYM | 0.9 | | 10^9/l | 0.9 | : | 5.0 |
| LYM% | 15.1 | | % | 15.0 | : | 50.0 |
| MID | 0.1 | | 10^9/l | 0.1 | : | 1.5 |
| MID% | 3.3 | | % | 2.0 | : | 15.0 |
| GRA | 5.1 | | 10^9/l | 1.2 | : | 8.0 |
| GRA% | 81.6 | ▲ | % | 35.0 | : | 80.0 |
| HGB | 13.4 | | g/dl | 11.5 | : | 16.5 |
| RBC | 4.44 | | 10^12/l | 3.50 | : | 5.50 |
| MCH | 30.3 | | pg | 25.0 | : | 35.0 |
| MCHC | 33.5 | | g/dl | 31.0 | : | 38.0 |
| MCV | 90.3 | | fl | 75.0 | : | 100.0 |
| HCT | 40.1 | | % | 35.0 | : | 55.0 |
| RDWa | 79.5 | | fl | 0.1 | : | 250.0 |
| RDW% | 16.3 | ▲ | % | 11.0 | : | 16.0 |
| PLT | 89 | ▼ | 10^9/l | 130 | : | 400 |
| MPV | 8.8 | | fl | 6.5 | : | 11.0 |
| PDWa | 12.5 | | fl | 0.1 | : | 30.0 |
| PDW% | 44.0 | | % | 0.1 | : | 99.9 |
| PCT | 0.07 | | % | 0.01 | : | 9.99 |
| P-LCR | 21.4 | | % | 0.1 | : | 99.9 |
| P-LCC | 19 | | 10^9/l | 1 | : | 1999 |

**Wbc :-** ڕێژەی خرۆکە سپیەکان .

Lym :- ڕێژەی لیمفۆ سایت

MID :- ڕێژەی مۆنۆسایت

GRA :- ڕێژەی گرانۆلۆسایتەکان .

**HGB :-** ڕێژەی خوێن .

**RBC :-** ڕێژەی خرۆکە سوورەکان .

MHC :- تتێکرای بڕی هیمۆگلۆبینە لە خرۆکەیەکی سووردا.

MCHC :- تێکرای خەستی هێمۆگلۆبینە لە خرۆکەیەکی سوردا

MCV :- پێوانی تێکرای قەبارەی خڕۆکە سورەکانە .

**HCT :-** پێوانی ڕیژەی خوێن .

RDW :- بڕی گۆڕانی قەبارەی خڕۆکە سورەکان .


**PLT :-** پێوانی ڕێژەی پەرەکانی خوێن.

MPV :- پێوانی قەبارەی خرۆکە سوورەکانە .

PDWa :- بڕی گۆڕانی قەبارەی خرۆکە سورەکانە .

PDW :- فراوانی دابەش بوونی خرۆکە سوورەکانە .

# زانیاری لەسەر هەندێ پشکنینەکان



پشکنینی پیسایی
GENERAL STOOL EXAMINATION

رەگەز:

APPERANCE:

RBC: خڕۆکە سوورەکان /HPF

PUS CELL: التهاب

CYST: تورەکە


TROPHOZOITE: کرم وە هێلکەی کرم

MONILLA: کەڕوو

OTHERS: شتی تر

EXAMINER:

DATE: / / 2021


GENERAL STOOL EXAMINATION

رەگەز:

APPERANCE:

RBC: 0-1 ئاسایی یە /HPF

PUS CELL: 0-1 ئاسایی یە

CYST: 0-1 ئاسایی یە


TROPHOZOITE: 0-1 ئاسایی یە


MONILLA: 0-1 ئاسایی یە

OTHERS:

EXAMINER:

DATE: / / 2021


رەگەز:
GENERAL STOOL EXAMINATION
APPERANCE:
/HPF
RBC: + خرۆکەی سوور لەناو پیسایی هەیە
PUS CELL: + التهاب
CYST: + تورەگە هەیە
TROPHOZOITE: + کرم یان هێلکەی کرم لەناو پیسایی هەیە
تێبینی :- هەرچەندە ژمارەی [[ + ]] ەکان زیاتر بێت واتە التهابەکە زیاترە بۆ نمونە [[++]] یان [[ +++ ]] .
MONILLA: کەروو لەناو پیسایی هەیە
OTHERS:
EXAMINER:
DATE: / / 2021




ناوی نەخۆش :

# S. Electrolyte

| Test پشکنین | Result ئەنجامی پشکنین | Normal value ڕێژەی ئاسایی |
|---|---|---|
| Na سۆدیۆم | | (135 – 145 )mmol/L |
| K پۆتاسیۆم | | 3.5 – 5.1mmol/L |
| Cl کلۆر | | 95 - 115 mmol/L |
| iCa ئایۆنات کالسیۆم | | 1.0 – 1.3 mmol/L |

/ / 2021



ناوی نەخۆش :

Serology Test Form

| Test پشکنینەکان | | Result ئەنجامەکەی | | |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| | | Negative نی یە | Positive هەیە | Range ڕێژەی ئاسایی |
| ASO التهابات | | ☐ | ☐ | |
| RF رۆماتیزم | | ☐ | ☐ | |
| Brucella بەکتریا | | ☐ | ☐ | |
| Serum H. Pylori بەکتریای گەدە | | ☐ | ☐ | |
| D-Dimer مەیینی خوێن | | | | < 400 ng/dl |
| CRP التهاب خوێن | | | | < 10 µg/dl |
| BHCG پشکنین حەمل بە خوێن | | ☐ | ☐ | |
| جەلتەی دل ـ قەپات بونی بۆریەکانی دل Cardiac Enzyme | Tn I | | | < 0.5 ng/ml |
| | CK-MB | | | < 5.0 ng/ml |
| | Myo | | | < 80 ng/ml |
| Typhoid تیفۆی | | | | |
| IGG | | ☐ | ☐ | |
| IGM | | ☐ | ☐ | |

EXAMINER:

DATE: / / 2021

نەخۆشخانەی....................... / بەشی تاقیگە

ناوی نەخۆش:

ڕەگەز:

## پشکنینی میز
## GENERAL URINE EXAMINATION

APPEARANCE:
REACTION:
ALBUMIN:
SUGAR:
KETON:
BILIRUBIN:
UROBILINOGEN

| | |
|---|---|
| RBS: + | خڕۆکەی سوور لەناو میز |
| PUS CELL: + | التهاب هەیە |
| CAST + | توورەکە هەیە |
| CRYSTAL: + | ڕەمل هەیە |
| EPITHELIAL CELL: + | التهاب هەیە |
| BACTERIA: + | بەکتریا هەیە |
| MUCUS THREAD + | لینجە مادە هەیە |
| MONILLIA + | کەروو هەیە |

تێبینی :- ئەگەر ژمارەی (( + )) هەرچەندە زیاتربێت واتە التهاب زیاترە
(( ++ )) یان (( +++ )) .
بەلام ئەگەر
(( 0-1 )) واتە التهاب نی یە ئاسایی یە .

EXAMINER

DATE / / 2021

# جۆرەکانی موغەزی و بەکارهێنانیان

**هەندێ زانیاری لەسەر جۆرە باوەکانی ( فلود ) موغەزی کە لە نەخۆشخانەکان بەکاردەهێنرێن**

**به شێوەیەکی سەرەکی فلوودەکان (( موغەزی یەکان )) دوو جۆرن .**

**یەکەم :- Crystalloid کە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە :-**

**( Normal saline 0.9 – Dextrose 5% - Ringer lactate – Glucose saline – etc )**

**دووەم :- Colloid کە ئەمانە دەگرێتەوە :-**

**(( Dextran – Gelatin – Haemaccel …..etc )**

## Crystalloids composition

| Solution | Na | Cl | K | Ca | Bicarb | Glucose g/L | Tonicity |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | mmol/l | | | | | | |
| 0.9% Sodium Chloride | 154 | 154 | - | - | - | - | Isotonic |
| Hartmanns | 131 | 111 | 5 | 2 | 29 (as lactate) | - | Isotonic |
| 5% Dextrose | - | - | - | - | - | 50 | Isotonic (hypotonic once metabolised) |
| 10% Dextrose | - | - | - | - | - | 100 | **Hypertonic** (hypotonic once metabolised) |
| 4% glucose & 0.18% sodium chloride | 30 | 30 | - | - | - | 40 | Isotonic |

## ١. (( Normal Saline ( NaCL ) 0.9 % ))

ئەم فلودە 154 mmol/L لە سۆدیۆم پێك دێت ، وە لە 154 mmol/L کلۆرید پێکدێت ، وە هیچ شەکری تێدا نی یە .




### لە چ حالەتێك بەکاردەهێنرێت :

- بۆ نەخۆشێك کە زەختی دابەزیبێت .
- لەکاتی کەم خوێنی (( Hypovolemia )) .
- لە پێش نیو بەنج لەکاتی نەشتەرگەری .
- بۆ گرتنەوەی زۆربەی دەرمانەکان .
- لەکاتی سکچوون و ڕشانەوە .
- لەکاتی پاك کردنەوەی برین ( تەداوی ) کردن .
- لەکاتی لەدەست دانی سۆدیۆمی لەش کە کەمترێت لە ( 135 meq/L ) .
- بۆ کەسێك کە لە هۆش خۆی چوبێت .

### لە چ حالەتێك نابێ بەکار بهێنرێت :-

- نەخۆشێك کە زەختی بەرز بێت .
- نەخۆشی گورچیلەی هەبێت .
- عجزی دلی هەبێت .
- کاتێك نەخۆش ڕێژەی سۆدیۆمی لە لەشی زیاتر بێت لە 145 mEq/L .

## ٢. Dextrose %5 (( Glucose Water %5 ))

**ئەم فلودە پێك دێت لە (( نۆرمال سەلاین – دیکستڕۆس – مەگنسیۆم – پۆتاسیۆم )) کە لە هەر لیترێك دا 170 کالۆریت پێ دەبەخشێت ، بەلام ئەلیکترۆلایتت پێ نادات ، وە ئاستی شەکرەی خوێن بەرزدەکاتەوە**




### لە چ حالەتێك بەکار دەهێنرێت :-

- کەسێك ڕێژەی شەکرەی دابەزیبێت .

### لە چ حالەتێك نابێت بەکاربهێنرێت :-

- کەسێك کە ڕێژەی شەکری بەرز بێت .

## ٣. Glucose Saline (( G.S ))

ئەم فلودە پێك هاتوە لە خۆوێ و شەكر (( Sodium – Dextrose )) بە ریژەی جیاواز ، زیاتر بۆ ئەوانەی كە ماوەیەكی زۆرە نانیان نەخواردووە (( fasting time )) بەكاردێت ، بۆ نمونە دووای نەشتەرگەری .




**بۆ زانیاریتان**

هەموو ئەو فلودانەی كە شەكریان تێدایە نابێت بۆ پاككردنەوەی برین بەكار بهێنرێت چونكە دەبێتە هۆی گەشەی بەكتریا .

## ٤. Ringer Lactate (( R.L ))

ئەم فلودە زۆربەی ئەلیكترۆلایتەكانی تێدایە وەك (( sodium , potassium , chloride , calcium )) .

**لە چ كاتێك بەكاردەهێنرێت :-**

- لەكاتی سك چوون .
- لەكاتی رشانەوە
- بۆ دووای سوتان .
- پێش نیو بەنج .
- لە ماوەی نەشتەرگەری .




**لە چ كاتێك نابێت بەكاربهێنرێت :-**

- بۆ كەسێك كە كێشەی جگەری هەبێت .




### ٥. Hartman solution (( sodium Lactate ))

ئەلیکترۆلایتەکانی ئەم فلوودە لە پێکهاتەی پلازما دەچێت

### لە چ کاتێك بەکاردەهێنرێت :-

- لەکاتی ڕوودانی ترشەڵۆکی خوێن .


### ٦. Half-strength Darrow's solution in 2.5% Dextrose

ئەم فلودە پێکدێت لە (( Sodium – Potassium ))

### لە چ حالەتێك بەکاردەهێنرێت :-

- زیاتر بۆ منداڵ بەکاردەهێنرێت چونکە قووەتەکەی کەمترە .
- لەکاتی سکچوون .
- بۆ ئەو کەسانەی کە تووشی ووشکبونەوە بوینە .

### بۆ زانیاریتان :-




بۆ ئەوەی بزانین کەسێك ووشکبۆتەوە ئەوا پێستی ڕابکێشە ئەگەر زوو نەگەڕایەوە شوێنی خۆی ئەوا ووشکبۆتەوە . بەتایبەتی لەسەر ئێسکی (( clavicle )) .

### ٧. Sodium bicarbonate 8.4 %

لەکاتی ڕوودانی ترشەلۆکی خوێن بەکاردێنین ،

**ئاگاداربە** ئەم فلودە بەشێوەیەکی هێواش و لەسەرەخۆ دەبێت بدرێت بە نەخۆش ، وە نابێت لە ڤێن دەربچێت واتە (( ئاوات ببێت )) چونکە زیان بە شانەکان دەگەیێنێت .




### ٧. Mannitol 10 % - 20 %

### لە چ کاتێك بەکاردەهێنرێت :

- لەکاتی نەشتەرگەری . بۆ کەم کردنەوەی ئاوساوی .
- لەکاتی برینداربوونی سەر ، بۆ کەمکردنەوەی ئاوساوی .
- لەکاتی ژەردوویی (( ژەرك )) .
- لە کاتی رووداو کە زیان بەر گورچیلە کەوتبێت .

تێبینی :- ئەگەر Mannitol بەکاربهێنرێت بۆ کاریگەری سەر گورچیلە ، دەبێت لە دەستەکەی دیکەوە فلودێکی دیکەی گونجاوی بۆ دابنرێت .

### دووەم

جۆری دووەمی فلود (( colloid )) ە . کە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە :-

(( Dextran 40% , Dextran 70% , Gelatin , Haemaccel ........etc))

کۆلۆید زیاتر دەمێنێتەوە لە سیستمی intravascular بە بەراووورد بە کریستالۆیدەکان ، لەبەر ئەوە برێکی کەمترمان پیوستە ، هەروەها لەوانەیە ببێتە هۆی ئاوسانی سییەکان pulmonary edema و لەگەڵ گازگۆرکێ تێکەڵ ببێت .


ئەگەر نەخۆش پشکنینی خوێنی هەبوو ، ئەوا پێش ئەوەی کۆلۆیدی پێ بدەی خوێنەکەی لێ وەرگرە ، چونکە لەوانەیە کۆلۆیدەکان ئەنجامی پشکنینەکە بگۆڕن .

# فێربوونی خوێندنەوەی هێلکاری دل ECG (( electrocardiography ))

## ECG چی یە ؟

**هێلکاری کارەباياتی دل (( ECG or EKG )) electro cardio graph ؟ چی یە ؟**

تاقیکردنەوەیەکە بۆ پیشاندانی هێلکاری کارەبایی دل و زانینی باری ئاسایی و نا ئاسایی لێدانی دل و ریتمی دل و نا هاوسەنگی ئەلیکترۆلایتەکانی لەش ، لە رێگەی ئامێری هێلکاری دل (( ECG )) ئەنجام دەدرێت و ئەنجامەکەی لەسەر وەرەقەیەکی تایبەت یان شاشەیەك بەدەر دەکەوێت .



# بەشی یەکەم

## چەند زانیاریەکی سەرەتایی لەسەر وەرەقەی ECG ؟

بەرزی چوارگۆشەکانی ECG بە ملیمەتر دەپیورێت ، واتە دووریە ، هەر چوارگۆشەیەکی بچوکیش لە 1mm پێکدێت ، وە لە باری بەرزی دا پێنج چوارگۆشەی بچووک لەناو یەك چوارگۆشەی گەورەدان ، واتە یەك چوارگۆشەی گەورە 5mm بەرزیەکەیەتی .


لە باری پانی دا چوارگۆشەکان ئاماژەن بۆ کات ، یەك چوارگۆشەی بچووك 0.04 چرکە دەخایەنێت . وە لە بواری پانیش دا پێنج چوارگۆشەی بچووك لەناو یەك چوارگۆشەی گەورەدا هەیە ،

بەگشتی یەك چوارگۆشەی گەورە 0.20 چرکە دەخایەنێت .

Speed = 25 mm/second



Fig. 6.1: ECG paper



# بەشی دووەم

**لەم بەشەدا باسێکی کورتی لیدەکان دەکرێت .**

**لە ECG دا 12 لید هەیە کە پێك دێن لەمانە .**


**ئەو لیدانەی لەسەر سنگی نەخۆش دەدرێ** chest lead OR precordial lead **کە لە**

V1-V2-V3-V4-V5-V6 **پێك دێن .**

**وە ئەو لیدانەی لەسەر وەرەقەی** ECG **ئاماژەن بۆ پەلەکان** limb lead **لە دوو بەش پێك دێن...**

Bipolar :- (( I , II , III ))

Unipolar :- (( aVR , aVL , aVF ))




**تێبینتی :-بۆ زانیاری**

**لیدی I لەسەر** ECG **جیاوازی ڤۆلتیە یە لە**

**نێوان دەستی ڕاست و دەستی چەپ .**

**لیدی II لەسەر** ECG **جیاوازی ڤۆلتیەیە لە**

**نێوان قاچی چەپ و دەستی ڕاست .**

**لیدی III لەسەر** ECG **ئاماژەیە بۆ جیاوازی**

**ڤۆلتیە لە نێوان قاچی چەپ و دەستی چەپ .**

**شوێنی دانانی لیدەکان لەسەر سنگی نەخۆش :-**

**ڕەنگی سوور V1 :-لە لای ڕاست نێوان پەراسوی چوارەم و پێنجەم لە ئاستی ناوەندی ئێسکی چەلەمە .**

**ڕەنگی زەرد V2 :- لای چەپ نێوان پەراسوی چوارەم و پێنجەم لەئاستی ناوەند ی ئێسکی چەلەمە .**

**ڕەنگی کەسك V3 :- لای چەپ لە نێوان V4 , V2 واتە لەسەر پەراسوی پێنجەم .**

ڕەنگی قاوەیی V4 :- لای چەپ نێوان پەراسوی پێنجەم و شەشەم .

ڕەنگی ڕەش V5 :- لای چەپ نێوان پەراسوی پێنجەم و شەشەم بە لای دیوی دەرەوە .


ڕەنگی بنەوشەیی V6 :- لای چەپ لە ڕێکی V5 زیاتر بۆ دیوی دەرەوە .

## بەشی سێ یەم

### شە پۆلەکانی ECG

بەشێوەیەکی ئاسایی ECG لە شە پۆلەکای (( P , QRS , T )) پێك دێن .

یەکەم شە پۆل بریتی یە لە ( p wave ) :- ئەم شە پۆلە لە ئە نجامی گرژبونی گوێچکەلەکانەوە درووست دەبێت ، بۆیە هەر گۆڕانکاریەك ڕوودات لە شێوەی ئاسایی ئەم شە پۆلە ئەوا ئاماژەیە بۆ بونی کێشە لە گوێچکەلەکان شێوەی ئاسایی




P wave دەبێت بەم شێوەیە بێت .

دووریەکەی دەبێت لە 0.12 چرکە

کەمتر بێت،واتە لە بواری پانی .وەك

بیر هێنانەوەیەك لە بەشی یەکەم دا

گوتمان هەر چوارگۆشەیەکی بچوك

0.04 چرکە دەخایەنێت . واتە0.12

دەکاتە سێ چوارگۆشەی بچوك

بۆ باری بەرزی شە پۆلی p دەبێت لە 2.5 mm کەمتر بێت، یەك چوارگۆشەی بچوك 1mm دەبێت .

واتە دەبێت لە باری بەرزی لە دوو چوارگۆشەو نیوی بچووك کەمتر بێت .

**باشترین شوێن بۆ دیاری کردنی ئەم حالەتانەی p wave لەسەر ECG سەیری لیدی II لەگەل**

**V1 , During sinus rhythm**

**وە بە شێوەیەکی گشتی p wave هەمیشە پۆزەتیڤە لە لیدەکانی I , II**

**بەلام لە aVR نێگەتیڤە واتە بۆ خوارەوە ،وە لە V1 وەك شە پۆلێکی دیکە هەلدەگەرێتەوە Biphasic ئەوانە حالەتە ئاساییەکانی p wave بوون .**

# بەشی چوارەم

## حالەتە نا ئاسایەکانی شە پۆلی p wave

### یەکەم :- absent p wave

واتە ئەگەر شە پۆلی p بوونی نەبێت لەسەر ECG ئەوا ئەگەری هەیە یەکێك لەم حالەتانە ڕوویدابێت .


### Atrial fibrillation (( AF )) :

ئەم حالەتە بەوە جیا دەکرێتەوە کە لێدانی دل خێراو نارێکە ، هەروەها لەم حالەتەدا زنجیرە شە پۆلی QRS تەسکە ، واتە لە حالەتی ئاسایی خۆی فراوانیەکەی کەمترە و ئەم حالەتەی ( AF ) بەوەناسراوە کە Acute atrial fibrillation . بەلام حالەتی دیکەی ( AF ) هەیە پێی دەڵێن

Chronic atrial fibrillation ، کە لەم حالەتەدا شە پۆلی P بوونی نی یە وە لێدانی دڵیش نارێکە ، بەلام جیاوازیەکەی ئەوەیە لێدانی دل خێرا نی یە .

-حالەتێکی تر بۆ نەبوونی شە پۆلی P بریتی یە لە (( Senatorial Block )) ئەو نیشانە کارەبایەی کە لە گوێچکەلەی ڕاست دا دووست دەبێت پێی دەڵێن (( Sinus atrial node )) ناسراوە بە (( SA node ))کە ئەم نیشانە کارەباییە بلۆك بوو ئەوا شە پۆلی P لەسەر ECG بوونی نابێت .

-هەروەها لە حالەتی (( Hyperkalaemia )) بەرزی ڕێژەی پۆتاسیۆم ئەوا ئەگەری هەیە شە پۆلی P بوونی نەبێت .




# بەشی پێنجەم


**حالەتی نائاساییی شەپۆلی p سەیری وێنەکان بکە بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر**

**لەکاتی گەورەبوونی گوێچکەلەکان دا ئەم حالەتانە ڕوودەدات لەسەر ECG**

## یەکەم : گەورەبوونی گوێچکەلەی ڕاست (( Right atrial enlargement ))

ئەم حالەتە کاتێك ڕوودەدات کە گرژبوونی گوێچکەلەی ڕاست کاتێکی زیاتر دەخایەنێت لە ماوەی ئاسایی خۆی ، بەمەش شەپۆلی p دوورست دەبێت کە بەرزییەکەی لە شێوەی ئاسایی خۆی زیاترە ، واتە 2.5mm زیاترە . واتە لە دوو چوارگۆشەو نیوی بچووك زیاترە ، ئەگەر بیرتان بێت لە بەشی سێ یەمدا باسمان کرد کە شێوەی ئاسایی p wave دەبێت لە 2.5mm کەمتر بێت ، بەلام دووریەکەی وواتە لە باری پانیدا بەگشتی ناگۆڕێت واتە ئاسایی دەمێنێتەوە کە دەکاتە 0.12 چرکە ، وواتە لە سێ چوارگۆشەی بچووك کەمتر بێت . *زۆر جار ئەم حالەتە بەهۆی پەستانی بەرزی سەرسی یەکان ڕوودەدات .*




## دووەم : گەورەبوونی گوێچکەلەی چەپ (( left atrial enlargement ))

ئەم حالەتە کاتێك ڕوودەدات کە گرژبوونی گوێچکەلەی چەپ ماوەیەکی زیاتر دەخایەنێت لە ماوەی ئاسایی خۆی ، بەلام لەسەر ECG جیاوازیەکەی ئەوەیە لەگەل خالی یەکەم کە لێرەدا گۆڕانکاری ڕوونادات لە بەرزی شە پۆلی P دا . واتە لە 2.5mm کەمترە ، بەلام دووریەکەی زیاد دەکات واتە لەباری پانی . واتە لە 0.12 چرکە زیاتر دەبێت ، کە دەکاتە سێ چوارگۆشەی بچووك زیاتر ، هەروەها لەم حالەتە دا شەقبون و چەمانەوە ی لووتکەی شە پۆلی p لەوانەیە ڕووبدات . ئەم گۆڕانکاریانەی باسمانکرد لە لیدی II لەسەر ECG سەیر بکەن .


هەروەها لە لیدی V1 دا گۆڕانکاری ڕوودەدات ، بەجۆرێك لە گەورەبوونی گوێچکەلەی ڕاستدا . دەسپێکی بەرزی P wave زیاد دەکات . وە لە گەورەبوونی گوێچکەلەی چەپ دا دووریەکەی زیاد دەکات . بەلام شێوەی شە پۆلەکان لە لیدی II جیاوازە لە V1 سەیری وێنەکە بکەن گۆڕانکاری هەردوو لیدەکەی تێدایە .



# بەشی شەشەم

لەم بەشەدا باسی حالەتی ئاسایی و نائاسی PR interval دەکەین

PR interval :- بریتی یە لە ماوەی نێوان سەرەتای دەسپێکی شە پۆلی P بۆ سەرەتای زنجیرە شە پۆلی QRS لەو وێنەیەدا مەوداکەی




دیاری کردووە ، دووری ئاسایی ئەم

نێوەندە دەبێت لە 0.12 بۆ 0.20 چرکە


بێت ، واتە سێ بۆ پێنج چوارگۆشەی

بچووک لە باری پانی دا .

ئەگەر ماوەکەی لە 0.20 چرکە

زیاتری خایەند واتە لە پێنج چوارگۆشەی بچووک زیاتر بوو ، ئەوا دەرخەری قۆناغی یەکەمی

AV block ، واتە بلۆك بوونی ئەو نیشانە کارەباییەی لە نێوان گوێچلەی راست و سکۆڵەی راست دایە (( Atrio ventricular block )) بەلام ئەگەری ماوەکەی لە 0.12 چرکە کەمتر بوو ، واتە لە سێ چوارگۆشەی بچووک کومتر بووئەوا نیشانەی حالەتێکە پێی دەڵێن (( pre – excitation )) بەو مانایە دێت ڕێگایەکی زیادە هەبێت لە گواستنەوەی نیشانەی کارەبایی (( AV node )) لە گوێچکەلەوە بۆ سکۆڵە وەکو دووریپیانێك . وە لێدانەکەی تێدا خێراتر دەبێت . یان حالەتی (( WPWS )) کە ئەمە زیاتر لە مندال دایە وەك حالەتێکی زگماکی دەردەکەوێ . کە دلیان خێرا لێدەدات . زیاتر چارەسەرەکەی بە نەشتەرگەری یە . ئەو وێنەیەی کە دامان ناوە نمونەیە لەسەرقۆناغی یەکەمی AV block کە تێیدا PR interval نزیکەی 0.34 چرکەی خایاندووە . واتە ماوەکەی درێژ بۆتەوە بە نزیکەی هەشت چوارگۆشەو نیوی بچووک .




# بەشی حەوتەم

**شە پۆلی Q :** ئەم شە پۆلە لەدوای شە پۆلی P دێت لە دەسپێکی زنجیرە شە پۆلی QRS کە شە پۆلێکی نێگەتیڤی بچوکە بەرەو خووارەوەیە ، ئەم شە پۆلە بە شێوەیەکی بچووك دەردەکەوێ لەلای چەپ لیدەکانی (( I , aVL , V5 , V6 )) وە لە زۆربەی لیدەکان دا شێوەی بچوکی Q wave ئاسایی یە، بەلام لە لیدی (( III , aVR )) شە پۆلی Q کەمێك زیاتر دادەبەزێت بە شێوەیەك لە 2mm زیاترە وواتە دوو چوارگۆشەی بچووك زیاتر .

لە باری ئاسایی دا ئەم شە پۆلە لە لای

ڕاستی لیدی ( v1 ) نابیترێ .




**حالەتە نائاسایەکانی شە پۆلی Q**


-ئەگەر لە 0.04 چرکە زیاتر بوو پانیەکەی

واتە لە چوارگۆشەیەکی بچووك زیاتر

-ئەگەر قولیەکەی واتە بۆ خوارەوە لە 2mm زیاتر بوو ، جگە لەو حالەتە ئاسایەی لە سەرەوە باسمان کرد


-یان لە لیدی V1 بینرا .


ئەگەر ئەو حالەتانەی لە سەرەوە باسمان کرد ڕوویان دا ، ئەوا دەرخەری ئەوەیە کە پێشتر جەڵدە لێی داوە .



# بەشی هەشتەم

**PR segment :-** هێڵێکی تەخت و ڕێکە ، لە کۆتایی شەپۆلی P دەست پێدەکات بۆ سەرەتای زنجیرە شەپۆلی QRS ، بەلام ئاگادار بن ئەوە جیاوازە لە PR interval کە ئەمەیان لە بەشەکانی پێشو دا باسمان کردووە .







## لە حالەتی نا ئاسایی دا

لەوانەیە دەرخەری التهاباتی پەردەی دل

(( Pericarditis )) بێت کە لەم حالەتەدا

PR interval دادەبەزێت لە لیدی V5 وە لە

لیدی aVR دا بۆ سەرەوە بەرزبوونەوەی هەیە ،

ئەمەش لە پێشدا باسمان کردووە چونکە لە

aVR شەپۆلەکان ئاساییانە هەلدەگەڕێنەوە،

لە وێنەکەدا هەردوو حالەتەکە دیارە .

## حالەتێکی دیکەی نائاسیی PR segment

بریتی یە لە باش نەڕۆیشتنی خوێن بۆ گوێچکەلە

یان جەلدە ، کە لەم حالەتەدا بەرزبوونەوەو


نزم بوونەوە ڕوودەدات بەم شێوەیەی خوارەوە

بەرزبوونەوەی PR interval بۆ 0.5 mm زیاتر لە لیدەکانی (( I , V5 , V6 )) .

بەلام نزم بوونەوە لە لیدەکانی (( II , III , V1 , V2 )) یان بە گشتی دابەزینی لە لیدەکانی سەر سنگ

Precordial leads بۆ 1.5 mm زیاتر .

# بەشی نۆیەم




لەم بەشەدا باسی زنجیرە شە پۆلی QRS دەکەین .


ئەم شە پۆلانە لە ئە نجامی گرژبوونی سکۆڵەکانەوە

دووروست دەبن .

شە پۆلەکانی Q , S ئاسابیانە بەرەو خوارەوەن

بەلام شە پۆلی R بەرەو سەرەوەیە لە زۆربەی لیدەکان

شێوەی ئاسایی ئەم شە پۆلانە دەبێت 0.12 چرکە کەمتر بێت دووریەکەی ، واتە 0.06 – 0.10 چرکە بێت ، لە سێ چوارگۆشەی بچووك کەمتر بێت ، وە بەرزی ئاسایی ئەم شە پۆلانە ئەگۆرێت ، بە نزیکەی لە 5 – 15 mm دەبێت




هەر گۆرانکاریەکی نا ئاسایی ڕوودات لەم زنجیرە شە پۆلانەدا ئەوا لەوانەیە دەرخەری ئەوە بێت کە گەورەبوونی دل ڕوویداوە یان جەلدەی دلە .

هەروەها لە مندال دا یان کەسێك لێدانی دلی خێرابێت ئەوا QRS ماوەکەی کورتە .

بەلام کاتێك ماوەی QRS درێژ بێتەوە ئەوا دەرخەری بەرزی ڕێژەی پۆتاسیۆم ( Hyperkalaemia ) یە ، یان ئەوە نیشانە کارەباییەی کە لە نێوان سکۆلەکاندا دەڕوات بلۆك بووە .


یان لە حالەتی artio ventricular block AV block لە قۆناغی دووەمی دا ، ئەوا هەندێ کات QRS بوونی نابێت .



Fig. 7.17: Mobitz type II block


# بەشی دەیەم

حالەتی جەڵدە و تەسك بوونەوەی لوولە خوێنەکانی دل (( M.I and ischemia ))





لەم بەشەدا باسی ST segment دەکەین

ST segment :- بریتی یە لەو هێلە رێکەی کە لە کۆتایی شە پۆلی S دەست پیّ دەکات بۆ سەرەتای دەستپێکی شە پۆلی T ، ئەم هێلە ئەو کات پێشان دەدات لە نێوان گرژبوون و خاوبونەوەی سکۆلەکان دا هەیە .




لە حالەتی ئاسایی دا ئەو ناوەندە نابێت نە بەرز بێتەوە نە نزم بێتەوە . چونکە هەر یەك لەم حالەتانە نائاسایی یە


یەکەم: ST elevation حالەتی بەرزبوونەوەی ST segment لە کاتی جەڵدەی دل دا کاتێك ST 1mm زیاتر بەرز بێتەوە، واتە لە یەك چوارگۆشەی بچووك زیاتر وە ئەمەش زیاتر لە لیدی پەلەکان دا Limb lead یان بەرزتر لە 2mm واتە دوو چوارگۆشەی بچووك زیاتر بەرز بێت ، بەلام ئەمەیان زیاتر لە لیدەکانی سەر سنگ دا Chest lea



**دووەم : ST depression حاڵەتی دابەزینی ST segment**

**دابەزینی ST لە 0.5mm یان زیاتر واتە لە نیو چوارگۆشەی**

**بچووك زیاتر دابەزێت ئەوا دەرخەری ئەوەیە بۆریە خوێنەکانی دل خوێنیان کەم پێدا دەڕوات ، واتە تەسك بۆتەوە کە پێی دەڵێن ( ischemia ) بەهۆی بوونی چینی چەوری .**




## بەشی یازدەم

**لەم بەشەدا باسی شە پۆلی ( T wave ) دەکەین**

**شە پۆلی T** لە ئە نجامی خاوبونەوەی سکۆلەکانەوە دوورست دەبێت .

**شێوەی T wave ئاسایانە** نیوەی یەکەمی بەرزبونەوەکەی سلۆپی زیاترە ، بە بەراورد بە نیوەی دووەمی ، وە بە گشتی ماوەکەی لە 0.2 چرکە زیاتر نەبێت، واتە پێنج چوارگۆشەی بچووک و بەرزییەکەی نزیکەی 5mm بێت ، **شە پۆلی T** لە زۆربەی حالەتەکان دا بە ئاراستەی QRS ە جگە لە لیدی لای راست نەبێت لە لیدەکانی سەر سنگ ( V2 ) .

**شە پۆلی T** هەمیشە بۆ سەرەوەیە لە لیدەکانی I,II,V3,V6 بەلام شە پۆلی T لە لیدی aVR ئاسایانە هەمیشی هەلدەگەڕێتەوە ، بەلام بۆ لیدەکانی دیکە بە پێی ئاراستەی QRS یان تەمەنی نەخۆشەکە دەگۆڕێت .


**بەرزبوونەوەی T wave :** ئەگەر لە 5 mm زیاتر بەرز بوو لە لیدی پەلەکاندا limb lead وە لە 10 mm بەرزتر بوو لە لیدەکانی سەر سنگ دا chest lead .


**لە حالەتی بەرزی رێژەی پۆتاسیۆم Hyperkalaemia** شە پۆلی T بەرزدەبێتەوە ، وە هەندێ جار لە حالەتی ناهاوسەنگی ئەلیکترۆلایتەکانی لەش شە پۆلی T نزمە یان تەختە و درێژ بۆتەوە ،

**حالەتی کەمی پۆتاسیۆم Hyperacute** شە پۆلی T بەرز دەبێتەوە لە گەلیشی دا ST segment بەرز دەبێتەوە ... هتد

**بەگشتی هۆکارەکانی گۆڕانی شە پۆلی T ئەمانەن :**

(( تەسکبوونەوەی لوولە خوێنەکانی دل ، جەلدەی دل ، التهابات پەردەی دل ، التهاباتی ماسولکەکانی دل ، گەورەبوونی سکۆلەکان ........ هتد )) هەروەها زۆر حالەتی دیکەش هەیە .



# بەشی دوازدەم

لەم بەشەدا باسی زانینی لێدانی دل دەكەین لە سەر ECG لە هەردوو حالەتی ڕێكی و ناڕێكی لێدانەكانی دل ، وە سەلماندنی ژمارە نەگۆڕەكان .

كاتێك لێدانەكانی دل ڕێك بێت ، واتە R بۆ R ڕێك بێت ...

ژمارەی چوارگۆشە گەورەكانی نێوان دوو R بژمێرە 300 دابەشی ئەو ژمارەیە بكە ، یان دەتوانین 1500 دابەشی ژمارەی چوارگۆشە بچووكەكان بكەین .


زۆر كەس دەپرسێت ژمارە 300 لە چی یەوە هاتووە ، تەماشای ئەوە بكە :-

هەر چوارگۆشەیەكی بچووك 0.04 چركە دەخایەنێت ، وە هەر چوارگۆشەیەكی گەورە پێنج چوارگۆشەی بچوكی تێدایە ، واتە 5 لێدانی 0.04 یەكسانە بە 0.20 چركە ... واتە بۆ پێنج چوارگۆشەی گەورە یەك چركە دەخایەنێت ، بەمەش دەقەیەك 60 چركەیە ... 60 X 5 یەكسانە بە 300

یان ئەگەر ژمارەی چوارگۆشە بچوكەكان حساب بكەین لە یەك چركە دا 25 چوارگۆشەی بچووك دەبرێت بەمەش 25 X 60 یەكسانە بە 1500

وە بۆ زانینی لێدانی دل ئەگەر ناڕێك بێت ، واتە نێوانی دوو R یەكسان نەبێت ژمارەی R لە ماوەی 30 چوارگۆشەی گەورەدا لێكدانی 10 دەكەین .

For example:




$$\text{Rate} = \frac{300}{3} \quad \text{or} \quad \text{Rate} = \frac{1500}{15}$$

Rate = **100** beats per minute

# بەشی سێزدەم

شوپۆلی U wave :- لادانێکی بچووکە لەدوای شەپۆلی T دێت بە نزیکەیی 0.5 mm دەبێت ، شەپۆلی U ئاسایانە بە هەمان ئاراستەی شەپۆلی T دەبێت ، وە باشترین لید بۆ بینینی شەپۆلی U بریتی یە لە لیدی V2 ,V3 قەبارەی ئەم شەپۆلە بەستراوە




بە لێدانی دلەوە ، بۆ نمونە ئەگەر لێدانی دل

کەم بێتەوە ، ئەوا ئەم شەپۆلە گەورە دەبێت .

بە شێوەیەکی گشتی شەپۆلی U دەبینرێت لە

دووای ئەوەی لێدانی دل کەم بێتەوە بۆ خوار 65 beat/min

رێژەی بەرزی ئەم شەپۆلە بە شێوەیەکی گشتی 1-2 mm واتە بچووکتربێت لە 25% ی

بەرزی شەپۆلی T

## حالەتە نائاساییەکانی شەپۆلی U

کاتێك بەرزییەکەی لە 1-2 mm زیاتر بێت ئەوا نائاسایی یە ، ئەمەش بەتایبەتی لە کاتی کەمبونەوەی لێدانەکانی دل دا ، یان حالەتێکی زۆر توندی کەمی رێژەی پۆتاسیۆم ، وە چەند حالەتێکی دیکە و چەند دەرمانێکیش دەبێتە هۆی روودانی ئەم حالەتە نائاساییە .

حالەتێکی تری نائاسایی بریتی یە لە هەلگەرانەوەی شەپۆلی U لەم حالەتانەی خوارەوە ؟

( نەخۆشی بۆریە خوێنەکانی دل ، پەستانی خوێن ، بەرزی غودەی دەرەقی ، نەخۆشی درێژخایەنی دل )



## بەشی چواردەم

گۆرانکاری لەسەر ECG لەکاتی بەرزی ڕێژەی کالسیۆم (( Hypercalcaemia )) .

ڕێژەی ئاسایی کالسیۆم بریتی یە لە (( 2.1 – 2.6 mmol/L )) .

گۆرانکاریەکان لەسەر ECG

سەرەکیترین گۆرانکاری بریتی یە لە کورتبونەوەی QT interval


QT interval :- بریتی یە لەو ماوەیەی کە لە دەسپێکی شەپۆلی Q دەستپێدەکات هەتا کۆتایی شەپۆلی T بەردەوام دەبێت .

لەکاتی بەرزی ڕێژەی کالسیۆمی زۆر توندا ئەوا خالی (( J )) لەوانەیە ببینرێ لەسەر ECG

لەکاتی ئەوپەری تووندی بەرزی کالسیۆم دا VF لەوانەیە ڕوودات Ventricular Fibirillation

بۆ زانیاریتان ڕێژەی بەرزی کالسیۆم بە پێی توندی یەکەی

- بەرزی کالسیۆم بە ڕێژەیەکی کەم بێت :- (( 2.7 – 2.9 mmol/L )) .
- بەرزی کالسیۆم بە ڕێژەیەکی مامناوەند :- (( 3.0 – 3.4 mmol/L )) .
- بەرزی کالسیۆم بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز کە گەورەتر بێت لە :- (( 3.4 mmol/L )) .



# بەشی پازدەم

**لەم بەشەدا باسی کەمی ڕێژەی کالسیۆم (( Hypocalcemia )) دەکەین .**

## هۆکارەکانی کەمی کالسیۆم

- کەمی ڤیتامین D ، التهاب پەنکریاس ، کەمی مەگنسیۆم .....هتد

## گۆڕانکاریەکانی سەر ECG


زیاد بوونی ماوەی QTC بەهۆی درێژبونەوەی ST sgment .


هەروەها AF (( atrial fibrillation )) لەوانەیە ڕووبدات که پێشتر باسمان کردووە کە لە گوێچکەلەکان دا ڕوودەدات لێدانی دل زیاد دەبێت بۆ نزیکەی 500 beat / min .

ڕێژەی ئاسایی کالسیۆم بریتی یە لە :- (( 2.2 – 2.6 mmol/L )) .

ئەگەر ڕێژەی دابەزینەکەی کەم بێت :- (( 1.9 – 2.2 mmol/L )) .

توندترین ڕێژەی دابەزینی کالسیۆم کە کەمتر بێت لە :- (( 1.9 mmol/L )) .




# بەشی شازدەم

## ناڕێکی لێدانی دل (( Arrhythmia )) .

هەندێ جار ئەم حالەتە ڕوودەدات لە کەسێك دا کی هیچ نەخۆشی یەکی دلی نی یە ، بەلام لە کەسێك دا ئەگەر نەخۆشی دلی هەبێت ، ئەوە مەترسیدارە ، ناڕێکی لێدانەکانی دل کۆمەلێك هۆکاری هەیە کە پەیوەستن بە کارەبای دلەوە و سەرەتا باسی ( AF or AFib ) Atrial fibrillation دەکەین .


**Atrial fibrillation :–** ئەم حالەتە لە گوێچکەلە ڕوودەدات ، کە تێیدا لێدانی دل ناڕێك و خێرایە ، بەهۆی شێواوی لە سیستەمی کارەبای دل ، کە لەم حالەتەدا گوێچکەلەی دل بە نزیکەی 300 جار لێدەدات لە دەقەیەك دا ، کە ئەمەش چوار جار زیاترە لە حالەتی ئاسایی خۆی ، وە ئەم حالەتە هەڕەشەیەك نی یە لەسەر ژیان ، بەلام لەوانەیە ببێتە هۆی ڕوودانی کێشەی دیکە ، وەك ئەوەی زۆر کات هەست بە ماندووی بکەیت ، وە ڕوودانی عجزی دل ، وە هەندێ نیشانەی خێرای لێدانی دل وە هەستپێکردنی بە

ئازاری سنگ و ئازاری سك و تەنگەنەفەسی و کەمبونەوەی توانای وەرزش و جولە ... هتد




# بەشی حەڤدەم

**Sinus tachycardia :-** ئەم حالەتە بە شێوەیەکی ئاسایی زیادبوونی لێدانەکانی دلە . کە ئاساییانە ڕوودەدات لە ئە نجامی بەرزبونەوەی پلەی گەرمی لەش ( تا ) fever ، یان وەرزشکردن یان هەر ووروژاندنێك ، ئەگەر بەهۆی ئەم هۆکارانەوە بوو ئەوا بە شێوەیەکی گشتی پیویست بە چارەسەری دەرمان ناکات ، جگە لە هەندێ حالەتی دیکە کە بەهۆی هەندێ نەخۆشی یەوە لێدانی دل زیاد دەکات وەکو کەم خوێنی یان غودە ، بۆ زانیاری زۆربەی جار کە لێدانی دل لە 100 زیاتر بێت پێی دەلێن Sinus tachycardia




وەهەندێ هۆکاری دیکەی تێکچونی لێدانەکانی دل کە لە ژوورەکانی سەرەوەی دل دا ڕوودەدات بریتیە لەمانە Atrial flutter ( AFL ) ئەم حالەتە بە نزیکەیی وەك Atrial Fibrillation وایە کە پێشتر باسمان کردووە .




وە حالەتێکی تر بریتی یە لە Sick Sinus Syndrome ( SSS )


دەتوانین بلێین ئەو حالەتە نەخۆشی نی یە ، هۆکارەکەی گرێی گیرفانی گۆێچکەلەیە Sinus node کە لێدانی دل دەگۆڕێت لە نێوان خێراو هێواشدا .

ئەوانەی باسمان کردن لە بەشی ( 16 – 17 ) پەیوەندی بە ژوورەکانی سەرەوەی دل هەبوو .

# بەشی هەژدەم

## Ventricular tachycardia ( VT ) :

ئەم حاڵەتە لە سکۆڵەدا ڕوودەدات ، وە مەترسی بۆ سەر ژیان دووروست دەکات ، واتە لە Sinus tachycardia مەترسیدارترە ، زۆربەی جار ئەو کەسانەی توشی ئەم حاڵەتە دەبن نەخۆشی دڵیان لەگەڵ دایە ، یان لەدوای جەڵدە ڕووودەدات ، بەڵام هەندێ کات دل ئاسایی یە کە ڕوودەدات ، لەبەر ئەوە (( VT )) حاڵەتێکی مەترسیدارە ، وە لەم حاڵەتەدا لێدانی دل خێرایەو رێکە ، بەڵام مەترسی ئەوەی هەیە ببێتە (( Ventricular fibrillation )) کە ئەمەیان لێدانی دل خێراو ناڕێکە ، وە مەترسی زیاد دەکات ، بۆیە پیوستە بە زوویی چارەسەری تەواوەتی بۆ بکرێت ، وە بۆ چارەسەر هەندێ جار کرداری (( radiofrequency ablation )) بۆ دەکرێت ،یان بە دەرمان یان بە D.C .



## بەشی نۆزدەم


### Ventricular Fibrillation ( VF ) :

هۆکاری زۆربەی ئەو حالەتانەی کە خانەکانی دل دەمرن و لەناو دەچن بریتی یە لە (( VF )) ، کە لەم حالەتەدا لێدانی دل لە ژوورەکانی خوارووی دل (( سکۆلەکان )) خێراو شێواوە ، بەهۆی ئەوەی سپازم دەبن کە هەندێ جار دەگاتە 500 beat/min .


هەندێ کات (( VF )) روودەدات بەهۆی داخرانی بۆریە خوێنەکانی دل (( Heart attack )) وە VF لە پڕ روودەدات بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەك ، وە ئیشی دل دەوەستێنێت .


لەئەنجامی ئەوەدا کەمی ئۆکسجین بۆ لەش وە بە تایبەتتر کەمی ئۆکسجین بۆ مێشك بکوژە ، وە دەبێتە Cardiac arrest ، هەموو ئەوانە سەرچاوەکەی تێکچوونە لە کارەبایی دل ، وە تاکە چارەسەر کە کاریگەری هەبێت بۆ ئەو حالەتە بریتی یە لە (( D.C )) Defibrillation ، کاتێك پادلەکان بەکاردێنین بۆ ئەوەی ریتمی دل رێك بکەینەوە ،

گەر کەسێك توشی (( VF )) بێت ئەگەر چارەسەری بۆ نەکرێت ئەوە دەمرێت .




| Heart Rate | Rhythm | P Wave | PR interval (in seconds) | QRS (in seconds) |
|---|---|---|---|---|
| 300-600 | Extremely irregular | Absent | N/A | Fibrillatory baseline |






لەگەل رێزو خۆشەویستیم

صلاح اسعد احمد گەردی

